مانا سایکۆبوونناسییەکەی "سەربەخۆبوون" ... محەمەد تەها حوسێن

ئەم چەمکە هەرچی لەبارەوە گوترابێ و هەرچۆن بەکارهاتبێ و هەرچی پاڵنەرێك لە پشت بەکارهێنانیەوە بووبێ و هەرکەش دایهێنابێ و پاشان بەهەر شێوەیەك وەربگێدرێتە سەر زمانەکانی سیاسەت و ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتی، جگە لە ویستێکی دیار یا شاراوە بۆ "خۆبوون" یا بوون بە "خۆ" چیتر ناگەیەنێ.

"خۆبوون" ململانێیەکی وجودی درێژخایەنە لە نێو کەسەکان خۆیاندا بۆ ئەوەی بەشێکی زۆری کار و کردار و ئەرك و جولانەوە و قسە و گوفتار و پەیوەندیەکانیان بە بڕیارێك لە "خۆ"یانەوە دەرچێ و کەمترین کاریگەری و گوشاری ئەو هێزانەی لەسەر بێ لە دەرەوەی خودی تاکەکان چالاکن و دەیانەوێ بە هێزی کێشکردنیان هەرچی "خۆ" یەکانی دەوروبەریان هەن لەوانەوە هێز وەرگرن بە هەموو شێوە و گەوهەرەکانی هێزەوە.
"خۆبوون" بابەتێکی وجودیە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە "ئیرادە" وە، ئەوەی دەیەوێ "خۆ" ی بێ، هوشیارە بەوەی لە بنچینەدا خۆی نیە و لەوەتەی هێشیشی بەو خودەی خۆی هەیە زانیویەتی بەردەوام خودی ئەو لە ژێر ستەمێکی دەرەکیدایە و داپڵساوە و کەوتۆتە ژێر بارێکی بەرزەفتەوە لە دەرەوەی ویست و خواستەکانی خۆیەتی و مەبەست تیایدا تەنها پاراستنی جۆرێکی تۆرە لە هاوسەنگی کە لە بنەڕەتەوە لەسەر ناهاوسەنگی خودی تاکەکان تین و تاقەت وەردەگرێ.

"ئیرادە" ی هەر کەسێك لە ئەنجامی بڕاندنەوەی ململانێیەکی تاقەت پڕوکێنی ناوەکیەوە لە نێوان {"دەبێ" و "نابێ"}یەکانەوە چەکەرە دەکات و تادێ بە خۆدواندن و لەخۆگەیشتن و خۆناسین و خۆدەربڕین و خۆئاشکراکردن و خۆڕووکخستن و خۆبەدەستەوەبردن و خۆهەڵسەنگاندنەوە ئەو ئیرادەیە بەهێزتر دەبێ و دواتر هێواش هێواش دەبێتە کردار و لە ڕەفتار و کەسێتی تاکەکانەوە ڕەنگدەداتەوە.

ئیرادە هەروەك نیتشێ دەڵێ (هێزێکە هەردەم ئەو هێزارە لە مەبەستێکەوە سەرهەڵدەدا)، بەو مانایەی ئەوە مەبەستێکە دەبێتە هۆی ووداننی هەر ووداوێك یا ڕەفتارێك، ئەو مەبەستە لە بنچینەدا لە

تێگەیشتنی کەسەکەوە داڕژراوە و لە دەربڕینی جۆراوجۆردا لە "ئیرادە" دا خۆیان مانیفستێ دەکەنەوە. ئیرادە دەبێ سەرەنجام بەرهەمی هەستکردن و ئاگایی و پەیبردن و هۆشیاری بێ و هەموو ئەمانە بەیەکەوە بوونێکی ئینسانی وەك "خۆ"یمان بێ دەردەخەن، و وەك شوبنهاوەر ئاماژەی پێدەکا ئیرادە عەقڵ پێشخۆی دەدات و وەك توخمێکی پەیبەر لە مەعریفەی ڕاستەوخۆدا ڕۆی خۆی دەبینێ. ئەو مەبەستەش کە لە پێشدا کەس یا کۆمەڵەیەك هەیانە یا دیاریدەکەن دەبێتە بیانەوەکانی ئیرادە و وا لە تاك دەکەن تا ئاستێکی باشی لێ نەهێننە دی کۆ نەدەن، جا یا دەیگەنێ یا ئەوەتا کۆسپەکانی ناوەوەی خۆیان و دواتر ئەوانەی دەرەوە بەر لەو ئیرادەیە دەگرن و لە ڕاستیشدا ژیان هەر لەو جۆرە ململانێیانەوە مانا وەردەگرێ.

ئیرادە هەردەم وریاکەرەوەی عەقڵە، عەقڵ مرۆڤ زۆر ماندوو دەکات، هەربۆیە بە درێژایی مێژوو تەنها داهێنەر و خاوەن ئیرادەکان توانیویانە لەو تەمبەڵیە وجودیە ڕزگاریان بێت، ئیرادە هەمیشە دەبێ لە پێشدا عەقڵی لەگەڵدا بێ ئینجا وزە و پاڵنەری دەروونی بێ ئەوەی بگاتە ئەو ئامانجانەی سەرەتا دیاریکردوون. مەگەر نا چۆن ئیرادە بێ کار و جوڵە و داهێنان هەیە ئاوەهاش ئیرادەی تەمبەڵی و سستی و خاوبوونەوە مرۆڤ دادەهێزرێنێ و لە ڕاستیشدا ئەو جۆرە ئیرادەیە تاکەکان لە کەسێتی دەخات و لە خۆیان دایاندەماڵێ و دەیانکا بە موڵکی ئەوانی تر.
"خۆبوون" لە (عەقڵ) دا مانای ڕاستەقینەی خۆی وەردەگرێت و لە (ئیرادە) شدا هێز و تین و تاقەت، ئەگەر عەقڵ بریتی بێ لە ڕۆکخستن و بە سیستمکردن هەروەك شوبنهاوەر لە کتێبی (حیکمەتی ژیان) دا باسی دەکا، ئەوا ئیرادە بێ هێنانە ئارای هەر ویستێکی عەقلانی بەهێز دەردەکەوێ، بە پێچەوانەشەوە لانەکردنەوە لە بە سیستمکردن و خڕۆکخستنەوە ناچێتە چوارچێوەی عەقڵ و ئەوسا ئیرادەش بێ بەرەو پێشبردنی هەر تۆز و بیارێك لاواز دەبێ و بەرەو ئامانجەکانی ناجولێ، یا کۆسپ و تەگەرەی گەورەی دێنە پێش و زیاتر کەس یا هەر ناوەندێك لە دەرەوەی تاك بە کۆشەکانی بەردەم ئیرادەوە سەرقاڵ دەکەن، نەوەك توانا خەرجکردن بێ گەیشتن بە ئامانج.

ئیرادەی "خۆبوون" لای هەر کەسێك یا هەر کۆمەڵە و گرووپێك بێت، هەوڵێکی نەپساوەیە بێ "خۆ" ڕزگارکردن لە خودێکی ساختە، بێ ڕزگاربوون لەو بوونەی لە نێو شت و هەبووەکانی تردا ونبووە، جا چ تەمبەڵیە وجودیەکە پاڵی پێوە ناوە بێ ئەوەی هەمیشە لە سەرئێشەی "ئازادی" دوریخاتەوە و بەردەوام لە حەسانەوەیەکدا بێ تەنها بوونە

بیرۆژیکیەکەی بێ بەس بێ، یا ئەوەتا ئەو هێزانەی لەدەرەوەی ئەو کارابوون نەیانهێشتووە خواستەکانی ئەو بگەنە مەبەستەکانیان تاوەکو ئەو ناوەندانە وەك تیشکدەرەوە و سەرچاوەکانی تین و تاقەت بڕیان تا ئەبەد بمێننەوە و بە بەردەوام بچوککردنەوەی تاکەکان بایی ئەوەندەیان بدەنێ تەنها پێی بژین و بەس.

مرۆڤ بە سرووشتی خێی بەرەو چێژ دەچێ و لە ئازار خێی دوور دەخاتەوە، ئەم بڕچوونە زانستی و فەلسەفیە بەگە نەویستە و نەك هەر بە تەنها دەروونشیکاری فڕید ئیشی لەسەر کردووە، بەکو نەیارەکانیشیان لە هەفتاریزم بە تایبەتی بڕهۆف فریدریك سکینەر لە کتێبی" تەکنەلۆژیای هەفتاری مرۆڤ" بە هەمان مانا بەکار داهێشتنەوەیەکی تر پێمان دەڵێ کە: هەموو بوونەوەرە زیندووەکان لە ژیاندا بێ ئەوە دەکۆشن خۆیان لە پەیوەندیە ئازاراویەکان ڕزگار بکەن، ئەو هەڵاتنەش لە سەرچاوەکانی کێشە و سەرئێشەکان ڕێگەی گرنگ دەبینێ لە تێکۆشان بێ ئازادی لە کاتێکدا کە هەلومەرجی قەڵس و بۆزارکەر لە لایەن کەسانی تردوە بە مەبەست بۆیان دروست کرابن.

سکینەر پێیوایە جۆرەکانی خۆڕزگارکردن لەو وروژێنەرە قەڵسکەرانە زۆرن هەر لە ڕاکردن و کێچکردنەوە بیگرە تاوەکو خێ بەبەریکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆوە، بەڵام هەرچەندێك بێ نابێ بچێتە قالبی شێوەژانی زیاتری هەلومەرجە ژینگەییەکان، چون هەفتاریزمی سکینەر پێیوایە بێ ئەوەی رەفتاری نوێ و هەلومەرجی تازە ساز بکرێ پێویستە تا ئاستێکی زۆر وروژێنەر و موعتەیاتە پێویستەکانیان لە ژینگەدا فەراهەم بکرێن و دڵخەکە وەك ئەزموونێکی ورد بخرێتە بەر مەددی نەزەر.
بێ ئەوەی هەفتاری نوێ بێنە ئارا دەبێ زەمینەی هاتنە ئارای ئەو جۆرە هەفتارانە تا ئاستی ماقوڵ ساز بکرێن و دڵخەکە بێ ئەوە بسازێ کەسەکان وەڵامی پۆزێتیڤیان بێ وروژێنەری پۆزێتیڤ هەبێ، خێ ئەگەر زەمینە پێاوپێ بێ لە وروژێنەری قەڵس و تاقەت پێوکێن دەبێ ئاسایانە چاوەڕێی ئەوە بین وەڵامە جۆراوجۆرەکانی کەسەکان بێ ئەو دڵخە نالەبار و شێوەژاوە نگەتیڤ بێ.

نەبووە تێ زەمینە پێکەیت لە ورژێنەرstimulate ی قەڵس و ئیزعاج تا ئەو ئاستەی کەسەکان خۆیان تەنها بێ سکیان تەرخان کەن و بیکەن بە ئامانجی سەرەکیان، لەولاشەوە چاوەڕوانی وەڵامی پۆزێتیڤ بی بێ ئەو وروژێنەرە ئیزعاجانە، ئەم چاوەڕوانیە ئەوەندە ناعەقلانیە لە هیچ چوارچێوەیەکی هزری و عەقلی و مەعریفی و هەفتاریش جێگەی شیاو بێ خێ نادۆزێتەوە. هاوسەنگی و دینامیکیەتی پەیوەندی لە نێوان

وروژنەر و وەنام وەك وێنەیەك دەبێ لە ژیانی كەمەگەدا گەورەتر بكرێتەوە و جۆەی ژیانویستی لەو ژینگەیەدا هەمیشە لە هاوسەنگی نێوان سەنتەرەكانی پرسیار و وەامدا بێن و بچن.

مرۆق بوونەوەرێكی پرسیاركەرە و هەمیشە لە ژیانیدا بە دوای وەامی پرسیارەكانی خۆی لە خۆیان دەكا یا بۆی دروست دەبن وێە، هەندێك وەام بین و بۆی دەشكێنن و دەیبەنە دۆخێكی ترەحەتەوە، هەندێكیشیان لە دووداڤیەكی ئەبەدیدا دەیهێنەوە و لە ڕاستیشدا ژیان هەرگیز هەروەك ڕۆلۆ مای لە كتێبی" مانای دەڤاوكێ The Meaning of Anxiety" دا دەڵێ لەم دەڤاوكێیە كە بە وجودیی ناوی دەبا ڕزگاری نابێ و بگرە بێ ژیان بە پێویستیشی دەزانێ.

ئەم بینینە سایكۆوجودیە لای ڤەفتاریزمی سكینەریش هەیە و لەوێدا ژیان پێسسێكی بەردەوامی پرسیار و وەامسازیە كە خۆی لە پەیوەندی و بەرەنجامی نێوان وروژێنەر و وەامەكان دا دەبینێتەوە. بێ ئەوەی وەامی چاك و پێ بە پێستی پرسیارەكەی خێت دەسكەوێ دەبێ وروژێنەرەكەت تا ئەو ئاستە كەسانی وەامدەرەوە بوروژێنێ ئەو وەامەی دەیدەنەوە وەك وروژێنەرەكە وابێ ، خێ ئەگەر وروژێنەر نەشیاو بوو وەك هەموو ئەو وروژێنەرانەی لەسەر زەمینی ئێمە هەن ئەوا وەامەكانیش بەقەد وروژێنەرەكان نەشیاو و قەس دەبن، ئەوە ئەگەر نەشیاو و توندتر نەبن.

ئەم خوێندنەوەیە تەواو سایكۆفەلسەفیە و بگرە تا ئاستێكی زۆر ئیمبیریكی و ئەزموونیشە، پەیوەست نابن بە خاترخاترنێ و دانوستان و دیبلۆماسیەتەوە، لە زانستدا ئەم میكانیزمانە نایخێن و جێیان نابێتەوە، كەمەگە لە كەمەیك تاك پێكهاتووە و هەموو ئەو تاكانە بەرهەمهێنی هێزن چ بێ خۆیان وەك خاوەندارێتیان بێ كەسی خۆیان، چ وەك كێ وەك ئەندامبوونیان لە كەمەگەدا، هەر بۆیە بەرهەمهێنی هێز هەمیشە پێویستی بە كەرەستە و شمەكە خاوەكانی ئەم بەرهەمە هەیە، هیچ سەرچاوەیەكی هێز بە قەزاو قەدەر و دروشم و ڕازاندنەوەی گوتار و دەم و لەبی شیرین ناچێتە ێوە.

ئێمە لە كوردەواری ئەم سەرزەمینەی خۆماندا هۆشمان بە تێكچوونی باڵانسی كەمەایەتی و كولتووری و ئابووری و دواتر سیاسی خۆمان دەشكێ و لە ڕاستیشدا ئەم بارە نالەبارە وەك (ئەنجام) لە هەنووكەدا پێویستی بە پەیبردنی هوشیارانەی ئەم ناهاوسەنگیە هەیە، هەرێیە لە هەنگاوی پەلەی تردا پێویستی بە بژاردەكاریەكی خێرای هەندێ لەو وروژێنەرە قەس و ئیزعاجانە هەیە كە لە مەیدانەكەدا بە

پاسیڤییان چالاکن و بەردەوام وەڵامی تاکەکانی ئەم سەرزەمینە کرێتتر و توندتر دەکەن. ئینجا هاتنەوە هێش خێی سەنتەرەکانی بەیاری پێدەوێ تاوەکو قەوارەی هەڕەشەی ئەم بار لاربوونە پەیبەرن بێ ئەوەی تاکی وەڵامدەرەوە وردە وردە ئەوەی بێ دەرکەوێ کە تادێ وروژێنەری ماقولتر دەردەکەون و ئەمەش لە ووی سایکۆلۆژیەوە هەلومەرجە ئیزعاجەکە(لەسەر قسەی سکینەر و سۆرندایك) هۆواش هۆواش دەشارێتەوە.

لای من " خۆبووون" یا سەر بە "خۆ" بووون بابەتێکە تەواو سایکۆبوونناسیە و دەبێ وەك دیاردە لەسەر زەمین و ژینگەدا ئادگارەکانیان ببینرێن، دەرکەوتنی دیاردە و دەرکەوتەکانی هەر بابەتێك یەکەیەکی یەکگرتووی یەکۆخسار و ناوەرۆکمان بێ دەردەخا تاوەکو وەك ووداو بێتە بەرچاومان، مەگەر نا با هەر بە ناوهێنان و قسەکردن باس لە ووداو و دیاردە بکەین ئەگەر بەبەرچاوانەوە نەیەت و نەچێ قەناعەت لای کەسانی وەڵامدەرەوە دروست ناکات، هەر بۆیەش هەر بابەتێك لە هەلومەرجی واقیعیبوونیدا بە قەوارەی هەڕچوون و سۆز ناپۆورێ بەکو بە ئاستی هاڵمانیەتی وەڵامسازیە عەقلانیەکان دێتە پێوان.

سەربەخۆبوون جگە لە مانا بوونناسیەکەی بە قالبی هیچ فۆرمێکی دیکەوە ناچێ، چون چەمك و داهێنراوێکی مۆدێرنە و بەر لە مۆدێرنیزم تەنها سەرەتاکانیمان هەر لە ئەدەبیاتی فەلسەفی و سۆفیزمدا بینیوە، لەسەربەخۆبووندا دەبێ کەسەکان یا سەنتەرەکانی دەسەڵات هەم لە گشتەوە بێ تاك شێوبنەوە و هەمیش لە تاکەوە بێ گشت، هەردوو میکانیزم لە هەنووکەدا داینامیکیانە ئیشی خۆیان نەکەن و پەیمانێکی کۆمەڵایەتی پێمتمانەیان لێ نەیەتە ئارا و ئەم پەیمانە بێ ئۆمەی هەمیشە پاسیڤ لە مۆژوودا نەبێتە پەیمانی متمانە و کەرامەت نەك (شەرەف) بە مانا کلاسیکیەکەی، ئەوا بابەتەکە تا هەین هەر لە قالبی فۆلکلۆری سیاسی و نەتەوەییدا دەمێنێتەوە.

ئاستە جگە لە خۆمان هۆکاری دیکەی ئەم دۆخەمان زۆرن، بەڵام بێ ئۆمە لە نێو ئەم هەراوهوریای ناعەقلانیەتەی خۆمان و دەوروبەرو دنیادا عەقلانیەت لە خۆڕکخستندا بە ئاراستەی دەرکەوتن وەك"خۆ"یەکی کوردی ئازاد لە هەموو شت پێویستتر و تەنانەت پیرۆزترە. ئەوەی ئێستا لەم سەرزەمینە هەیە و دەگوزەرێ لە هیچ لایەکەوە لەگەڵ عەقلانیەت و ئیرادەی وجودی "خۆبوون" نایەتەوە، ئەگەر دۆخەکەش هەر بەم ناهاڵمانیەتە بەردەوام بێ پێموایە و ئەمەش لە ئاستیدا ئەنجامێکی سەلمێنراوە دەبێتە ئەقەیەکی دیکە لە

شکستەکانی مژووی نەتەوەییمان.

شەش وستگەی ژیانم دواین وتاری: جرج تەابشی ... و: ئاکۆ قادر حەمە

من کە لە گەشتی کۆتایی ژیانمدام، و دوایی شەش دەیە لە هاوەڵی پڕنوس کە بە باشترین هاوەڕم دانابوو، لە دوایی هاوسەرو منداڵەکانم، وا دە گەڕمەوە سەر شەش وستگە لە ژیانمدا کە ڕەنگی یەکلاکەرەوەیان بینیوە لە هەموو ئەو شتانەدا کە نوسیومەو لە ئەو ئاراستەیەشدا کە پێم نوسیوەو هەتا لەو بوارانەشدا کە وەرگڕانم تێدا کردوە.

وستگەی یەکەم:

لە خزانکی مەسیحیدا لە دایك بووم، لە سەرەتایی هەرزەکاریمدا زۆر بە توندی ئایندار بووم، ئەرکە ئایینەیەکانم ئەوەندە بە هەستیاریەوە ئەنجامدەدا هەتا برا چکۆلەکەشم گاتەی پێم دەکرد. ڕۆژکیان لە قوتابخانە، لە پێلی دووەمی ناوەندی ئەوکاتە بووبومە 14 ساڵ، لە ناو وانەکاندا وانەیەکی ئایینی هەبوو کە کاهینك دەیوتەوە کە ناسرابوو بە سروشت توندی، تا ئەو قناغە بیرکەیەکی ووونمان وەرگرتبوو دەربارەی نەخشەی گەردوون و بازنەیی زەوی و خولگەکەی و قەبارەکەی، لە یەکك لە وانەکانی ئایینداا مامستای کاهین پێ ی وتین:" منداڵەکانم ئستا دەزانن زەوی چی یە، هەروەها دەزانن قەبارەکەی چەندە، دەمەوت ئستا ئەوە بنەنە پش چاوتان کە زەوییەك هەیە ملیۆنك جار لەم زەویە گەورەترە، وە ئەو زەوییە گەورەترە بە ملیۆن جار لەم زەویە لە ئاوو خاك پك نەهاتوە بەکو لە ئاسنی لە پا تۆندتر پکهاتوە، ئەو زەویە ملیۆن جار گەورەترە لە زەوی و لە ئاسن تۆندتر پکهاتوە، هەر ملیۆن ساڵ جارك باڵندەیەك دێتە سەری باڵەکانی پدا دەخشێت، بە چەند و بە چەند -ئەم وشەیە هەتا ئەمش لە گومدا دەزرنگێتەوە- چەند ملیۆن ملیۆن ساڵی پوستە ئەم باڵندەیە بتوانێت بە باڵەکانی کە ملیۆن ساڵ

جارێك بەو زەویە ملیۆن جار گەورەترە لە زەویدا دەیخشێنێت دەتوانێت ئەو زەویە بسڕێتەوە(نەیهێڵێت)؟ ئەو زەویە نامێنێت بەڵام سزای ئەوە لە دەزەخدا دەمێنێت ئەگەر بە گوناهەوە بمرن.

ئەم ئاگادارکردنەوە ژمێریاریە توشی لەرزی کردم. -هەموو هەهندەکانی تێگەشتم ئەوکاتە منداڵێکی زیرەك بووم- لە قوتابخانەکە هاتمەدەرەوە و لە ڕێگادا سەرم بادەدا. قوتابخانەکە لە گەڕەکێکی کۆن و خەمناك بوو، بۆنی شوێنە داخراوەکانی لێ دەهات، لە دووری 200 مەتر لە دەروازەیەکی تەنگەبەردا کە لە شەودا بە دەرگایەکی ئاسنین کۆتایم دەدرا، لەو دەروازەیەوە دەچویتە سەر گەڕەکێکی پان و کراوە کە لێیەوە یەکەم شت دەتبینی باڵەخانەیەکی تا ئاستێك تازەبوو کە لە نهۆمی دووەمیدا خۆزانێکی ئیتاڵی دەژیان، کە سێ کچی گەلێك جوانیان هەبوو، زۆرجار دەماندیتن لە "باڵکۆنەکەیاندا" دادەنیشتن بەشێوەیەك کە لە هەموو لایەکی شەقامەکەوە بە بینین وابا بوو. ئەو ئێوارەیە هەر کە تەماشام کردن بە پەلە نیگام لە سەریان لابردو چاوم داخست، بۆ؟ لێرەدا دەبێت بگەڕێمەوە بۆ ئەو مەسیحیەتەی کە لە ناویدا لە دایك بووم و بنەماڵەکەشم لە سەر ئەوە پەروەردەیان کردبوم.

لە مەسیحیەتدا دەوترێت کە گوناە سێ کوچکەییە: گوناە لە کردەوەدا، گوناە لە گوتندا، گوناە لە بیرکردنەوەدا، هەتا ئەم گوناهەی سێیەم دەکرێت گوناهێکی کوشندە بێت، و سزاکەشی بە پێی لاهوتی مەسیحی چونە دۆزەخ بێت بۆ هەتا هەتایە، ئەگەر لە بارەی سێکسەوە بێت بە پێی ئەو وەسیەتەی کە دەڵێت: "ئیشتیهای ئافرەتی کەس مەکە". بەو پێیەی هەموو ئافرەتێك ئەگەر هاوسەری شەرعیت نەبوو ئافرەتی ئەوی تر، کەواتە، ئارەزوی سێکسی خۆی دەبێتە هۆی گوناهێکی کوشندە کە خودا لە مرۆڤی نابورێت وە لە سزای دۆزەخی ڕزگار ناکات ئەگەر لە بەردەم کاهینێکدا دانی پێدا نەنێت. ئەم کاهینەش لەم وانە ئاینیەدا جەختی لە سەر گوناهی بیرکردنەوە بوو، چونکە دەیزانی کە بواری بیرکردنەوەی هەرزەکاران لە قۆناغی هەرزەکاریدا هەر لە سەر سێکسە. بەمشێوەیە کە لە دەروازە تەنگەبەرەکەی قوتابخانەکەوە دەرچووم بەرەوە ئەو شەقامە فراوانەی کە کراوەبوو بە سەر باڵکۆنی سێ کچە هەرزەکارە ئیتاڵیەکەدا، من دابەشبووم بەسەر ئارەزووی تەماشاکردنیان و ترس لە سزای هەتا هەتایی ئاگری دۆزەخ بەو شێوە ترسناکەی کە مامۆستا کاهینەکەمان بۆی وێنا کردبوین لە ڕێگای نمونەی باڵندەکەو زەویە ئاسنینە ملیۆن جار گەورەترەکە لە زەوی. بەمشێوەیە تەنها بەوەوە نەوەستام کە چاوم داخەم، بەڵکو بەو

ڕگایەدا بەرەو ماڵەوە دەگەشتم، هەوڵم دەدا وێنەی سێ ئیتاڵیەکە لە خەیاڵم دەرکەم و هەموو ترسم لەوە بوو بە ڕکەوت لەو باکگراوندانەوە ئینجانەیەك لەو ئینجانە گوڵانەی کە نەریتکی خەکی شارەکەم "حەلەب" بوو کە باکگراوندکانیان پێ دەڕازاندەوە بکەوێت بەسەرمداو بمرم و من لە باری گوناهکی کوشندەدابم. گەشتمە ماڵەوە و لە بارکی تائاستێك شڵواودا بووم و وێنەم دەکرد و تایەکی ڕاستەقینە لێ ی دام و دوو ڕۆژ لە جگادا خستمی، کاتێك بەئاگا هاتمەوە یەکەم پەرچەکردارم ئەوە بوو کە بە خەمم ووت: نا، ئەو خودایەی کە ئەو کاهینە بێ باسکردم ناکرێت هەبێت و ناکرێت تا ئەو ئاستە ستەمکار بێت، لەو ڕۆژەوە لەوە کەوتم مەسیحی بم.

وێستگەی دووەم :

کە ئاراستەی کۆتایی ژیانی دیاریکردم، جگە لە چیرکی وازهێنانم لە مەسیحیەت، ئەو کاتەبوو کە لە قۆناغی ئامادەییمدا دەچوومە قوتابخانەیەکی فەرمی سەر بە دەوڵەت، ئەوەی لە یادم بێت ساڵی 1955 بوو. ئەویش دوایی ڕوخانی ژەنەراڵی سەربازی ئەدیب ئەلشیشکلی دەسەڵاتداری دیکتاتۆری سوریا بوو، کە هاوپەیمانی نێوان حزبی بەعس و حزبی شیوعی و ئیخوان موسلمین ئەو دەسەڵاتەی ڕوخاند، کاتێك گفتوگۆیان لە نێوان خۆیاندا کردوە، لە ئیخوان موسلمینیان پرسیوە: چیتان دەوێت؟ چ وزارەتێك؟ ووتیان: ئێمە وزارەتمان ناوێت، ئێمە یەك داواکاریمان هەیە ئەویش دانانی وانەی فێرکردنی ئایینیە لە قوتابخانە ئامادەییەکاندا. فێرکردنی ئایینی لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیدا ڕگاپێدراو بوو بەکو سەپێنرا بوو. بەڵام لە قۆناغی ئامادەییدا وانەکانی زانستی ئەخلاق و پەروەردەی نیشتیمانی دەخوێنرا و وانەی فێرکردنی ئایینی تێدا نەبوو. بەمشێوەیە بڕیاردرا بە زیادکردنی وانەی ئایینی بە قۆناغی ئامادەیش، منیش لەو ساڵەدا چومە ئامادەیی.

ئەو ڕۆژانەی کە پێم وترا وانەی ئایینی هەیە، بە هاوڕکانم ووت، ئەو کات خەریك بوو بەرەو ئەوە دەچوو ببم کادرکی سۆشیالیستی ناو "حزبی بەعس"، وتم: دەمەوێت بچمە وانەی ئایینیەوە تا زیاتر فێربم، چونکە پێشتر لە قوتابخانەدا تەنها وانەی پەروەردەی مەسیحیم وەرگرتبوو، بەڵام ئێستا دەمەوێت زیاتر دەربارەی ئیسلام بزانم کە ئایینی زۆرینەی سوریەکانە، چوومە وانەکەوە، مامۆستاکە شێخکی باڵا بەرز بوو، تا ئێستاش ڕەنگی دیزداشە خاڵەمۆشیە ڕازاوەکەییم لە یادە، پێشتر بە تەباشیر لە سەر سەبورەکە نوسیبووی: "هەرکەس موسڵمان نەبێت دوژمنی ئیسلامە"، ئەمە بابەتی وانەکە بوو. ئەمەی

شیدەکردەوەو شیدەکردەوە و هاوپەلەکانیشم لەمنیان دەوانی، هەمویان بە وریاییەوە تێیان دەوانیم تا پەرچەکرداری من ببینن، نیوەی کاتی وانەکە تەواو بوو منیش هەر گوتم لە وانەکە دەگرت، پاشان شێخ گووتی: ئێستا دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە. منیش یەکسەر دەستم بەرزکردەوە، وتی: فەرموو، ناوت چییە؟ بە جەختکردن لە ناوەکەم وتم: ناوم: "جۆرج تەوابشی" یە، وەك ئاشکرایە جۆرج ناوێکە جگە لە مەسیحیەکان کەس بەکاری ناهێنێت، پەشۆکاوو دڵپەی ئارەق لە نێوچەوانیەوە دەرچوو، درۆژەم دایە و گوتم: مامۆستا من موسڵمان نیم، من بە بنەچە مەسیحیم، ئایا من دوژمنی تۆم؟
وتی: پەنا بەخوا، کێ ئەمەی ووتوە؟ چۆن وا دەڵێیت؟
پێم وت: مامۆستا وا 30 خولەکە تێ دەڵێیت ئەوەی موسڵمان نەبێت دوژمنی ئیسلامە، ئایا من دوژمنی تۆم؟ ئیدی مامۆستاکە هەڵەکەی خۆی بۆ دەرکەوت، و وتی: نا نا مەسیحیەکان ئەهلی کتابن، ئەو پرسیارەی لە لای من دروست بوو ئەوە بوو کە بۆچی نەیزانی و هەر لە سەرەتاوە ئەو هەڵوێردەی بۆ ئەهلی کتاب نەکرد؟ بەڵام هەتا ئەگەر پرسیاریشم لێ نەکردایە ئایا هەر کەسێك موسڵمان نەبێت دەبێت بە دوژمنی ئیسلام؟ دەبوو ئەو کات ئەو پرسیارەشم لێ بکردایە: هەتا ئەگەر لە ئەهلی کتابیش نەبم ئایا من دوژمنی تۆم؟ بەڵام خۆم گرت.
لەو ساتەوە تێ گەشتم کە ئەرکێکی گەورە لە کۆمەڵگاکانماندا چاوەڕێمانە و پرسەکە تەنها نە گۆڕینی سیاسەتە و نە گۆڕینی وزارەت، بەڵکو یەکەم ئەرك و پێ دەچێت دوا ئەرکیش هەر پرسی گۆڕین بێت لە بواری بیرکردنەوەدا، بەڵکەوت لە دواییدا وا هەڵکەوت کاتێك بووم بە مامۆستا، ڕۆژی کردنەوەی وەرزی تازەی خوێندن، چاومکەوت بە هەمان مامۆستا لە هۆڵی مامۆستایان ئەو هەر مامۆستای پەروەردەی ئایین بوو لەو قوتابخانەیەدا کە من بە مامۆستای زمانی عەرەبی تێیدا دامەزرام، بە پەلە لە کرسیەکەی هەستا و بەرەو ڕووم هات لە ئامۆزی گرتم و وتی: ببورە مامۆستا، هەڵەیەك بوو لە ژیانمدا کردم هەرگیز دووبارەی ناکەمەوە.

وەستگەی سێ یەم:

لە ژیانمدا ڕووبەڕووی ڕوداوێکی هاوشێوە بوومەوە، بەڵام ئەمجارە لە گەڵ هاوڕێ حزبیە مەسیحیەکانمدا. ئەو ڕووداوە گۆڕانکی قوڵی لە ناخمدا و لە هۆشیاریمدا دروست کرد و بوو بە هۆیەکی سەرەکی لەوەی بووم بە نوسەر لە بەر ئەوەی هەستم کرد نوسین تاکە ڕێگایە کە بتوانم بیگرمە بەر بۆ گۆڕینی هزری لە کۆمەڵگادا. ڕووداوەکەش بەمشێوە بوو: وەك نەیارێکی دەسەڵاتی حزبی بەعس خرامە زیندانەوە.

پێشتر ئینتیمام بۆ حزبی بەعس هەبوو پێش ئەوەی دەسەڵات بگرێتە دەست، پاش ساڵێك لە هاتنە سەر دەسەڵاتی حزبی بەعس وازم لەو حزبە هێنا بەهۆی ناکۆکی سیاسی و ئایدۆلۆجیم لە گەڵیاندا کە لێرەدا دەرفەتی چونە ناو وردەکاریەکانیمان نیە. پاش ئەوەی وازم لەو حزبە هێناو بووم بە ئۆپۆزیسیۆن خرامە زیندانەوە. لە زیندان ژمارەیەك بەعسی زیندانیکراو هەبوون کە سەر بە ئاراستەی ڕاست ەو بوون کە پێچەوانەی ئاراستەی دەسەڵات و پێچەوانەی ئاراستەی چەپیش بوو کە من ئینتیمام هەبوو بۆی دوای ئەوەی حزب بەسەر باڵی جیاوازدا دابەشبوو، زۆرینەی ئەوانە خەڵکی جەبەل حەران بوون لە سوریا کە زۆرینەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە هەر لە سەردەمی غەساسنەکان و دوای ئەوانیشەوە هەر مەسیحی بوون. لە زیندان پێنج یان شەش لەو بەعسیە مەسیحیانە لە ژوورێکی بەکەمەلدا پێکەوە بووین کە دەیەها زیندانیکراوی لە خۆدەگرت. ئەوکات ژیانی هاوسەریم لە گەڵ خانمی نوسەر "هنرییت عەبودی" پێکهێنابوو، یەکەم منداڵم لێ ی هەبوو کە تەمەنی ساڵێك یان دوان دەبوو، بیرم نەماوە. لە زیندانداا بووم و تەنها بیرم لە ژنەکەم و لەو منداڵە دەکردەوە کە لای ئەو جێم هێشتبوو، نازانم چۆن باس هاتە سەر باسی شەرەفی سێکسی کە پێویستە ئەو ئافرەتە بکوژرێت کە پەیوەندییەکی سێکسی ناشەرعی دەبەستێت ئەگەر موسڵمان بێت یان مەسیحی، وە وا باشتریشە کە لە لایەن براکەیەوە سەربڕدرێت لە پێناوی گەڕاندنەوەی شەرەفی لەکەداربودا. قسە دوای قسە گفتوگۆکە گەیاندنی بەمەی، پێم وتن: من لە بنەمای تاوانی شەرەف لە بناغەوە ەت دەکەمەوە، وە ئەم هەڵوێستە ناتوانم قبول بکەم لە مرۆڤکەوە خۆی وا پیشان دەدات پێشکەوتوخواز یان سۆشیالیستی یان بەعسی بێت. لەو کاتەدا یەکێکیان بە توڕەییەوە هەڵیدایەو وتی: تۆ ژنت هێناوە؟ وتم: بەڵێ، وتی: چیت هەیە؟ وتم: کچێکم هەیە. گوتی بەدنیاییەوە منداڵە؟ وتم: بەڵێ. وتی: وا دانێ کچەکەت گەورە بووە و لە گەڵ گەنجێکدا هەڵەی کرد ئایا سەری نابڕیت؟؟ پێم وت: من مایای کچم (کچەکەم ناوی مایایە) سەربڕم لە بەر ئەوەی بینیومە کوڕێکی پەسەندکردوە! وتی: چۆن؟ سەری نابڕیت؟ پێم وت: هاوڕێ شێت بوویت!! مایا سەر بڕم؟ ئەو وتی: تۆ شەرەفت نیە! تۆ عەرەب نیت و شایستەی ئەوەش نیت نە عەرەب بیت و نە بەعسیش بیت! ئەو هاوڕێ زیندانیکراوانەم بۆیاری دابڕان و قسە لە گەڵ نەکردنیان لە گەڵ دام لە بەر ئەوەی شایستەی شەرەفمەندی ئەوە نەبووم کە نە عەرەب بم و نە بەعیش بم گەرچی وەك ئەوان ئۆپۆزیسیۆنی ەوتی دەسەڵاتداریش بووم. لە ئەنجامی ئەم پشت تێ هەڵکردنەیان لە من و ئەو کارە دوژمناکارانەی دواتر لە بەرامبەرم نواندیان داواکارییەکم بۆ ئیدارەی زیندان بەرزکردەوە تێیدا

داوامکردبو بمگوازنەوە بۆ ژوورێکی تاکەکەسی، لە بری ئەوەی لە ناو هاوەڵانکدابم کە پشتم لێ کەن و ڕقیان لێم بێتەوە.

لەو ڕۆژەشەوە وانەیەکی تازە فێربووم ئەویش ئەوە بوو کە پرسەکە تەنها پرسی موسڵمان و نا موسڵمان، ومەسیحی و نامەسیحی نیە، لە ڕووی هۆشیاری کۆمەڵایەتیەوە… گەرچی سەر بە یەك ئایدۆلۆجیاش بن. پرسەکە زۆر لەوە قووترە. پرسەکە بە پلەی یەکەم پرسی بونیادی هزرییە. لە ناو مێخی مرۆییدا دوو چین هەیە: چینێکی سەرەوەی ڕووکەش کە دەکرێت سیاسی بیت، پشکەوتوخواز بیت، سۆشیالیستی، وەحدوی بیت، لە گەڵ چینێکی بونیادی لە خوارەوە کە لە ناو ئەم مێخەیاندا دەکرێت تا سەر مێخ تا سەر ئیسقان کۆنەپەرست بیت، ئەگەرچی هەڵگرەکەی مەسیحی بێت یان موسڵمان. لەو ڕۆژەوە بۆوایەك لە لام بەهێز بوو کە هەوڵست بەرامبەر ژن لە کۆمەڵگاکانماندا هەوڵستمان بەرامبەر سەرتاپای جیهان دیاریدەکات. لەو ڕۆژەشەوە بۆوایەك لە لام لە هەر کاتێکی تر زیاتر بناغەی داکوتی ئەویش ئەوەبوو کە پێویستە خەبات بکەیین لە ڕێگای وشەوە لە پێناوی گۆڕینی شێوەی بیرکردنەوە، گۆڕینی بونیادی ناوەکی عەقڵ، نەك تەنها بونیادی ڕووکەشی سیاسی یان ئایدۆلۆجی.

لە وێستگەی چوارەمی:

ژیانمدا، لە دوای قۆناغی نەتەوەپەرستی عەرەبی و بەعسی بوون و چەپبوون و مارکسی بوندا، نزیکەی فرێید هات.
چیرۆکی من لە گەڵ فرێیددا بە ڕووداوێکی سەرنجڕاکێش دەستی پێ کرد، دوای ئەوەی ژنم هێنا و دوو کچم هەبوو، هەر کە لە سەر سفرە دادەنیشتم بۆ نانخواردن، نانەکەم بەدەستەوەدەگرت -لە سوریا نانێکی عەرەبیمان هەیە- لە زۆر لە وڵاتە عەرەبیەکانی تردا باو نیە، ناخودئاگایانە لە لێوارەکانیەوە پارەپارەم دەکرد و هاوسەرەکەم و کچەکانیشم لە بەرامبەرم دانیشتون نان دەخۆن، نەمدەتوانی بەر بەخۆم بگرم کە نانەکە وا پارچە پارچە نەکەم هەتا ئەگەر لە سەر سفرەکەش میوانیشمان هەبوبێت.
هاوسەرەکەم بە دیالێکتە حەلەبیەکەی پَی دەوتم: جارج عەیبە، خەڵك دەتبینن، و کچەکانیشت ئەم نەریتەت فێر دەبن، هەتا کە میوانێکیشمان دەبێت دەتبینن چۆن بەرامبەریان نان بەوشێوەیە پارچە پارچە دەکەییت! منیش پێم دەگوت: ڕاست دەکەییت. بەڵام هەموو جارێك خۆم لە بیر دەکرد و بە بۆ مەبەست دەگەیامەوە سەر لێك هەڵوەشاندنەوەی نان بە بۆ ئەوەی ئاگام لێ ی بێت. وە بەمشێوەیە هەتا ڕۆژێکیان بە ڕێکەوت وتارێکم خوێندەوە- لەو بۆوایەدا نیم هی

فرۆید بۆت بەکۆ هی یەکێك لە قوتابیەکانی بوو- دەربارەی ئەم دیاردە دەرونیە دەدوا و وای دادەنا کە نیشانەیەکی عەسابی (دەماری) بۆت بەو پێ یەی کردەیەکی لێکهەڵوەشاندنەوەی خانەویستانە و ناخودئاگایانەی باوکە. کاتێك ئەو وتارەم خوێندەوە تەزوو بە گیانمدا هات: کەواتە من باوکم پارە پارە دەکەم! لە ئاستیدا لە هەرزەکاریمدا نەوانم لە گەڵ باوکم باش نەبوو. لەو ڕۆژەوەی ئەو وتارەم خوێندەوە کراوەمەوە بەووی شیکردنەوەی دەرونیدا، دەستمکرد خوێندنەوەی فرۆید پاشان دەستم کرد بە وەرگێڕانی، دواجار لە گەڵ باوکم ئاشت بومەوە- ئەوکاتە ساڵانێك بەسەر مردنیدا تێ پەڕیبوو- لە بەرامبەر باوکمدا بەخۆمدا چووەمەوە و ئاستێکی باش لە ئارامی دەرونیم بۆ گەڕایەوە و وای لێ کردم تا ئادەیەك بەشوەیەکی نوێ تەماشای ژیان بکەم. نزیکەی 30 کتێبی فرۆیدم وەرگێڕا، بەڵام دیارە کە لە زمانی ئەسەنی خۆیەوە کە ئەمانیە وەرم نەگێڕا، بەکۆ لە زمانی فەرەنسیەوە وەرمگێڕا. ئەوە ئەو پەندە ئیتاڵیە دەزانن کە دەڵێت: وەرگێڕ خائنە Traduttore, traditore. منیش ئەگەر لە وەرگێڕاوکەوە وەرگێڕان بکەم ئەوا خیانەتێکی دوانەییە، بەڵام ئەم هەڵبژاردنەم ناچاری بوو چونکە لە ناو ڕۆشنبیری عەرەبیدا، کە بەهۆی کۆڵنیالیستی پێشوەوە دوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی باڵادەست بوون تێیدا، ئەوانەی وەرگێڕانیان لە ئەمانیەوە دەزانی کەمینەیەکی بچوك بوون. ئەگەر من فرۆیدم وەرنەگێڕایە و کەسی تریش لە ئینگلیزی و فەرەنسیەوە وەریان نەگێڕایە ئەوا ڕۆشنبیری عەرەبی بە بێ فرۆید و شیکردنەوەی دەرونی دەمایەوە، ئەمەش شتێکی پەسەند کراو نیە. بەدڵنیاییەوە من خیانەتێکی دوانەییم ئەنجامدا لەوەرگێڕانم لە بەوەرگێڕدراوەوە، بەڵام لەو بڕوایەدام خزمەتێکی پێویستم بە ڕۆشنبیری عەرەبی کردوە. من ئێستا سەرقاڵم، نزیکەی ساڵێکە، بە چاو پیاخشاندنەوە بە وەرگێڕانە فرۆیدیەکانمدا بە سود وەرگرتن لە بڕاوبونەوەی وەرگێڕانی تازەی فرۆید بۆ سەر زمانی فەرەنسی- دوو وەرگێڕان یان سیان بۆ یەك کتێب- بۆ ئامادەکردنی نوسخەیەکی پاکژکراو و زیاتر هاوشێوە بە دەقە ئەسەنەکە، بە ئاواتی ئەوەی ڕۆژێك بێت وەرگێڕمان هەبێت ئاستەوخۆ لە زمانی ئەمانیەوە وەرگێڕان بکەن.

لە وێستگەی پێنجەمی:

ژیانمدا لە سەر پەیوەندیم لە گەڵ محەمەد عابد ئەلجابری دەوەستم کە چارەکە سەدەیەکم لە ژیانمدا بۆ تەرخانکرد.
لە ساڵی 1972 گواستمەوە بۆ لوبنان بۆ گرتنە دەستی سەرنوسەری لە

گۆڤاری "دراسات عربیه" ی مانگانه که له لوبنان دەردەچوو له خانەی الگلیعه. جابری له سەرتای هەشتاکانەوه هەندێك وتاری بۆ دەنارم بۆ بڵاوکردنەوه له گۆڤارەکەدا. پاشان کتێبکی نارد بۆ خانەی الگلیعه به ناونیشانی "پێکهاتەی عەقڵی عەرەبی"، که بەشی یەکەمی پرۆژەی "هەخنەی عەقڵی عەرەبی" بوو. خاوەنی خانەکه بەشیر ئەلداعوقی کۆچکردوو دەستنوسەکەی پێدام و گوتی: تەماشایەکی ئەم کتێبە بکە تۆ باشتر له من لەلەپور تێ دەگەیت. کتێبەکەم خوێندەوه و پێم وت: ئەمە کتێبکی نایابە، یەکسەر بڵاوی بکەرەوه. بەدڵنیاییەوه بڵاوی کردەوه. بەڵام هەر لەو کاتانەدا بوو بۆیاری خۆم دابوو- له شەڕی ناوخۆی لوبنانیش بۆزار بووبوم- به کۆچکردن له بەیروتەوه بۆ پاریس بۆ کارکردن له گۆڤاری "الوحدە".
له کاتێکدا من ماڵئاواییم له وار و له هاوڕێیان و له بەشیر ئەلداعوق دەکرد کتێبی "پێکهاتەی عەقڵی عەرەبی" بڵاوبووەوه، ئەم کتێبەش تاکه کتێب بوو له گەڵ خۆم هەڵمگرتبوو له بەیروتەوه بۆ پاریس له گەڵ فەرهەنگی "المنهل"ی سوهێل ئیدریس، له کتێبخانەکەم که پێنج هەزار کتێبی تێدابوو تەنها ئەو دوو کتێبەم له گەڵ خۆم برد.
گەشتمە پاریس و له ماڵە تا ماوەیەك چووەکەمدا دووبارە ئەم کتێبەم خوێندەوه، بە تەواوەتی بە کاریگەری کتێبەکە کاریگەر بووم. یەکەم وتار که له گۆڤاری "الوحدە" بڵاوم کردەوه دەربارەی ئەم کتێبە بوو. بە ووڕەی وتبووم- زۆر لەو کەسانەی ژیاننامەی منیان خوێندبێتەوه ئەم چیرۆکە دەزانن- "ئەم کتێبە تەنها هۆشیارت ناکاتەوه بەڵکو دەتگۆڕێت، هەر کەس ئەم کتێبە بیخوێنێتەوه دوای ئەوەی دەیخوێنێتەوه ناگەڕێتەوه سەر ئەو شوێنەی که بووە پێش ئەوەی بیخوێنێتەوه". بەم حەماسەتەوه خوێندنەوەیەکم له سەر کتێبەکه له گۆڤاری "الوحدە" بڵاوکردەوه. بەڵام خاڵکی تەفسیلی بچوك له کتێبەکەدا هەبوو هەندێك گومانی لا دەوروژاندم ئەویش پەیوەندی بە هەڵوێستی جابریەوه هەبوو له بارەی "ئیخوان ئەلسەفا". له خوێندنی زانکۆیەمەوه له بەشی زمانی عەرەبی له زانکۆی دیمەشق بیرکەیەکی گشتیم له بارەی ئینتیمای ئیخوان ئەلسەفام بۆ عەقڵانیەتی فەلسەفەی ئیسلامی لادروست بووبوو. جابریش هەندێك قسەی زۆر نێگەتیڤی دەربارەی ئیخوان ئەلسەفا کردبوو ئەوانی به "عەقڵی دابڕاو (جیابوەوه) له ئیسلام" دانابوو، به جەتکردنەوه لەوەی که ئەوان دژ به عەقڵ، و دژ به فەلسەفە، وڵێك، و و دژی خاوەنی لێکیش که ئەرستۆیە وەستاونەتەوه. بەمشێوەیە گومانێك له بارەی ئەم خاڵەوه به تایبەت له لام دروست بوو، له تواناشمدا نەبوو یەکلایی بکەمەوه له بەر ئەوەی نامەکانی ئیخوان ئەلسەفا بەردەست

نەبوو لەم تاراوگە پاریسیەمدا.

بارودۆخ وای هێنا کە گەشت بکەم بۆ یەکێك لە وڵاتانی کەنداو کە بانگهێشکرابووم بۆ کۆنگرەیەك، لەو ولاتەی کەنداودا بەخۆمم وت من ئەو نامانەی ئیخوان ئەلسەفا بەردەست دەخەم بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم پرسە. ڕۆشتم بۆ کتێبخانەیەکی گەورە لەوێ لە فرۆشیارەکەم پرسی: کتێبی "نامەکانی ئیخوان ئەلسەفا"ت هەیە؟ بە تۆنێکی سەرسوڕماوە وتی: نەخێر مامۆستا. پێم وت: لە کوێ دەتوانم دەستم بکەوێت؟ وتی: مامۆستا، تۆ ئەزانی ئەم کتێبە دەربارەی فەلسەفەیە؟ پێم وت: بەڵێ. وتی: کتێبی فەلسەفی لێرە قەدەغەیە. ئەمەش یەکەمجارم بوو ببیستم کتێبی فەلسەفی قەدەغە بێت، دواتر بۆم دەرکەوت نەك تەنها لەم وڵاتەی کەنداودا کتێبی فەلسەفی قەدەغەیە بەڵکو لە زۆربەی دەوڵەتانی کەنداودا قەدەغە بوو. بە فرۆشیارەکەم گوت: ببورە، بەخودا من نەمزانیو. لە قسەیەکەوە بۆ قسەیەکی تر دەستمکرد بە گفتوگۆیەکی دۆستانە لە گەیدا و پێم وت: من کتێبەکەم پێویستە، چی بکەم؟ وتی: لەوێدا کتێبخانەیەکی تر هەیە. ناو و ناونیشانەکەی پێدام و وتی: بەڵکو لای بێت.

چووم بۆ کتێبخانەی دووەم و لە بارەی کتێبەکەوە لە فرۆشیارەکەیم پرسی. بڕگومان هەمان وەڵامی دامەوە، پێم وت: ڕۆگەم بدە خێمت پێ بناسێنم: من نوسەرو وەرگێڕم ناوم "جۆرج تەڕابشیە". هەر بە بیستنی ئەوەی وتم جۆرج تەڕابشی، وتی: بەخێر بێیت و دەستی کرد بە پیشاندانی ئەو کتێب و وەرگێڕانانەی من کە لای ئەو دەست دەکەوت، پاشان درێژەی دایە: ڕوخسەتم بە. چووە ژوورەوە و خاون کارەکەی کە خاوەنی کتێبخانەکە بوو بانگکرد ئەویش هات وتی: بەخێر هاتی ئوستاز جۆرج، و میواندارێی کردم، پێویستیەکەی خێمم بە کتێبەکە بۆ گێڕایەوە لە بەر ئەوەی لە پاریس دەستم ناکەوێت و ناشتوانم لە لوبنانەوە بیهێنم بە هۆی شەڕی ناوخۆی لوبنانەوە، وهتد، وتی: بەخودا ئوستاز تۆ نازانی ئەم کتێبانە قەدەغەن؟ پێم وت: دەزانم بەڵام بەڵکو یارمەتیم بدەیت. وتی: لەگەڵم وەرە. پێکەوە ڕۆشتینە ژوور زەمینێکەوە دیتم کۆمەڵێك سندوق و کتێبی تری تێدا بوو، چوار بەرگی گەورەی ئیخوان ئەلسەفای دەرهێنا، وتی: فەرموو ئوستاز. نەیدەویست پارکەی وەربگرێت بەڵام من مکوبوم نرخەکەیم بە گشت سوپاسکەوە دا.
من لە ڕۆگای گەڕانەوەمدا لە فڕۆکەکەدا و لە ماڵەوەش هەموو خەیاڵم لای ئەوە بوو ئەو دەقە بدزمەوە کە جابری لە بارەی ئیخوان ئەلسەفاوە دەیڵێت گوایە ئەوان دژ بە لژیك و دژ بە ئەرستۆ و دژ

به فەلسەفە بوون.
بەشی چوارەمم لە نامەکان کردەوە بەدوای ئەو دەقەدا دەگەڕام کە لە پەراوێزی کتێبی "هەخنەی عەقڵی عەرەبی" ئاماژەی بۆ کرابوو بەڵام نەمدۆزیەوە، گەڕام و گەڕام و پاشان بە خۆم وت: پێ دەچێت هەڵەیەکی چاپ بووبێت بۆیە پێویستە دوبارە هەر پەنجاو یەك نامەکە بخوێنمەوە. بەمشێوەیە دەستم کرد بە خوێندنەوەی کتێبی نامەکانی ئیخوان ئەلسەفا بە هەر چوار بەشەکەیەوە تا گەشتم بە نامەکانی 10-11-12-13-14، زۆر بە تووندی حەپەسام. لەم پێنج نامەیەدا، دوای ئەوەی خویان ناساند، بە ڕوونی شتێکی وا دەڵێن: ئەی براکەم، خودا بە ڕۆحی خۆی پشتیوانی تێ و ئێمەش بێت، بزانە، هیچ دەروازەیەکت نیە بە ڕووی ئێمەدا لە ڕۆگای لۆژیکەوە نەبێت لە بەر ئەوەی تەنها لۆژیکە دەتوانێت گوتار لە نێوانماندا شیاو بکات، وەرە با لۆژیك و کتێبەکانیت بێ ڕاڤە بکەین، پاشان نامەکانی 10 بێ 14 تەرخان دەکەن بێ ڕاڤە کردنی کتێبی لۆژیکی ئەرستێ وەك گوزارە و گوتراو و پێوەر و بەڵگە، زاراوکانیش بە شێوازە یۆنانیەکەی بەکاردەهێنن وەك ئەنالێتیکا و کاتیگۆریاس و هتد.

کاتێك من ئەم پێنج نامەیەم دەخوێندەوە کە ڕاڤەیەکی تێروپێی لۆژیکی ئەرستێ بوو لە خۆم دەپرسی: چۆن جابری دەڵێت ئیخوان ئەلسەفا ئەرستێیان هەتکردێتەوە؟ لۆژیکیان هەتکردێتەوە؟ چۆن وتویانە مرۆڤ پێویستی بە لۆژیك و بە فەلسەفە نیە؟ دوبارە گەڕامەوە سەر خوێندنەوەی نامەکان تا گەشتمە نامەی حەڤدەیەم کە بەناونیشانی: هێی جیاوازی زمانەکان، جابری ئەو دەقە وەك بەڵگەیەك بەکاریدەهێنێت بۆ ئەوەی کە ئیخوانە ئەسەفا گوایە وتبێتیان کە مرۆڤ پێویستی بە لۆژیك نیە. بە هەر حاڵ دەقەکە چی دەڵێت؟ ناوەڕۆکەکەی بەمشێوەیە: لە سەرەتای نامەکانماندا باسمان لە گرنگی لۆژیك کرد لە تێگەشتن و تێگەشتنی نامەکانماندا. بەڵام براکەمان بزانە کە دوو لۆژیك هەیە. لۆژیکێکی فەلسەفی هەیە بەمان باس کردویت، هەروەها لۆژیکێکی زارەکی هەیە واتە گوتن، لە بەر ئەوەی ئەگەر گوتن نەبێت ئەوا لێکتێگەشتن لە نێوان مرۆڤدا نەدەبوو. دوای ئەوەی باس لە ڕۆڵی زمان دەکەن وەك بنچینە و ئامرازی لێکتێگشتن لە نێوان مرۆڤەکاندا هەروەها دەڵێن: بزانە دەروونانێکی بێ گەرد هەن پێویستیان نە بە وتن و نە بە لۆژیك نیە لە تێگەیاندنی یەکتریدا، واتە دەروونانێکی ڕوحانی لە ڕۆگای چاو، لە ڕۆگای بەرکەوتن، لە ڕۆگای ڕۆح، و ویژدان، وختورەوە یەکتر تێ دەگەیەنن وەك ئەوەی ئەمڕۆ دەیڵێین، بێ ئەوەی پێویستی بە لۆژیکی زارەکی و گوتن ببێت. بەمشێوەیە جابری ئەم دۆخەی ئەوانی بەهەلزانیوە "پێویست بە لۆژیك

ناکات" و وشەی زارەکی فەرامۆش کردوە بۆ ئەوەی بڕوات ئەمانە دژی لۆژیك بوون بە مانا فەلسەفییەکەی. پاشان چاوم کەوت بە بەگەیەکی تر ئەویش هەوڵستی ئیخوان ئەلسەفا بوو لە بارەی ئەو پەیوەندییەی کە هەیە لە نێوان ئایین و فەلسەفە کە دژگماییەکان لە سەردەمی خۆیاندا (سەدی چواردەمی کۆچی) دەیانویست ئەو پەیوەندیە ببڕنن و داوای حەرامکردنی فەلسەفەیان دەکرد بە ناوی ئایینەوە. بەگەکە بە ووڵامی دامەوە: بزانە برای چاك، خودا پشتیوانت بێت بە نووری خۆی، ئەوەی ئەحکامەکانی ئایین بزانێت ئەوا تەماشاکردنی زانستی فەلسەفە زیانی پێ ناگەیەنێت بەڵکو زانستی ئایینی پێ زیاد دەکات و زیاتر پەی بە ماناکانی دەبات". پاشان زیاتر ووڵامی دەکاتەوە: "لۆژیك تەرازووی فەلسەفەو ئامرازی فەیلەسوفە. ئەگەر فەلسەفە چاکترین هونەرەکان بێت بۆ مرۆڤ دوای پێغەمبەرایەتی ئەوا دەبێت تەرازوی فەلسەفە ببێتە ڕاستترین تەرازوکان و ئامرازی فەیلەسوفیش چاکترین ئامرازەکان بێت و هونەری (پیشە- صناعە) لۆژیك بە نیسبەت عەقڵ و مەعقولات وەك هونەری نەحوو وایە بۆ زمان و دەربڕین".
من کاتێك ئەم نامەو بەگانەم دەخوێندەوە توشی شکۆکی مەزن و بریندار بونی کبریائم بووم وەك ڕەشنبیر، لە بەر ئەوەی ئەوەم لە بارەی کتێبەکەی جابریەوە نوسیبوو کە نوسیم: "ئەم کتێبە هەر کەس بیخوێنێتەوە دوای ئەوەی دەیخوێنێتەوە ناگەڕێتەوە سەر ئەو شێوەیەی جارانی کە لە سەری بووە پێش ئەوەی کتێبەکە بخوێنێتەوە".

لەو ڕۆژەوە گلەیەکەم ئیدی ئاراستەی جابری نەکرد، بەڵکو ئاراستەی خۆم کرد، لە بەر ئەوەی بۆیارکم لە بارەی کتێبکەوە داوە لە بابەتکدا بۆ ئەوەی هەموو کلیلە مەعریفیەکانیم پێ بێت. وە سوێندکم لە گەڵ خۆمدادا کە لەو کاتە بەدواوە هیچ شتێك نەڵێم و هیچ بۆیارێك نەدەم بۆ ئەوەی تەواو دڵنیا نەبم لە بارەی هەموو زانیاریەکانم لە بارەیەوە. بەمشێوەیە بۆیاری دوبارە پەروەردەکردنەوەی خۆم دا، دوبارە ڕەشنبیرکردنەوەی خۆم. بەمشێوەیە من سەرمکردە سەر، من کە زمانی عەرەبی و کەلەپوری عەرەبیم بە شێوەیەکی بەشەکی لە زانکۆ خوێندبوو، بەشێوەیەکی ترسناك سەرمکردە سەر خوێندنەوەی کتێبەکانی کەلەپور و دەیەها و دەیەها لەو سەرچاوانەم بەسەرکردەوە کە جابری ئاماژەی بۆ کردبوون و هەموو بەگەکانم یەك بە یەك وردبینی دەکرد و لە ڕاستی هەموو بوارەکانیم دەکۆیەوە. بە ڕاشکاوی پێتان دەڵێم بەگەی ئیخوان ئەلسەفا تەنها بەگە نەبوو، بەڵکو چاوم کەوت بە دەیەها و دەیەها بەگەی وەك ئەو بەهەڵەدابردنانەی کە جابری بەرامبەر خوێنەرەکانی کتێبەکەی خۆی کردبووی کە منیش یەکێکیان بووم لەوانە، ئیدی ئەمەی بە مەبەست

کردبێت یان بۆ مەبەست –نازانم-.
ئەمڕۆ من بە ڕاشکاوی دەڵێم: من دانپێدانانێك بۆ جابری دەکەم، کە چارەکە سەدەیەکی تەواوم لە گەڵ بەسەر برد و ئەو هەموو ساڵە ئەوم خوێندەوە و سەرچاوەکانی و سەدەها لەو سەرچاوانەی کەلەپوری ئیسلامی و پێش ئەویش مەسیحی و لە پێش ئەوانیشەوە کەلەپوری یۆنانی و هەر شتێك پێویست بێت بۆ گفتوگۆکردن لە گەل پرۆژەکەی ئەودا خوێندمەوە، من دانی پێدا دەنێم، لە بەردەم ئەوەدا، کە سودێکی زۆر گەورەی پێ گەیاندوم، ئەو ناچاری کردم دوبارە ڕۆشنبیریە کلەپوریەکەم بونیاد بنەمەوە. من زۆر قەرزاری ئەوم سەرەڕایی هەموو ئەو ڕەخنانەی ئاراستەم کردوە.

وێستگەی شەشەم:

ئەو پێنج وێستگەیەی کە پێشتر باسکراوە هەمووی وەك وێستگەی دەرچوون وابوون، لەوێوە هەموو ئەوانەم نوسی کە لە ماوەی ژیانمدا نوسیم لە لێکۆڵینەوە و وتار کە ژمارەکەی نزیك بووەتەوە لە پێنج سەد، وە کتێب کە نزیك بۆتەوە لە سی دانە، وە زیاتر لە سەد وەرگێڕان. بەڵام بە پێچوانەوە وێستگەی شەشەم وەك وێستگەی وەستان و بۆ دەنگی و ئیفلیجی تەواوەتی بوو لە نوسین: وێستگەی ئازاری بەردەوامی سوریا لە چوار ساڵە لەمەوبەرەو بۆ ئەوەی لە ئاسۆوە هیچ موژدەیەکی کۆتایی هاتنی دەرکەوێت.
بە درێژای ئەو چوار ساڵە پێنوس هیچ یارمەتی دەرم نەبوو تەنها لە نوسینی دوو وتاردا نەبێت: کە یەکەمیان لە 21/3/2011 هاوکات لە گەڵ سەرەتاکانی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی لە تونس و میسر و لیبیا، دوەمیشیان لە 28/5/2011 لە گەڵ تێکەڵ بوونی سوریاش بە هەراوهوریای ئەو بەهارە.

وتاری یەکەم ئەم ناونیشانەی لە خۆ گرتبوو: مۆژویەکی بچوك لە پەراوێزی مۆژویەکی گەورەدا. مەبەستم لە مۆژوی گەورە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی بوو کە ئەو کات وا دەردەکەوت وەك ئەوەی جیهانی عەرەبی بخاتە ناو قۆناغی شۆڕشە مۆژویە گەورەکانی وەك ئەوەی فەرەنسا لە ساڵی 1789 بەخۆیەوە بینی یان ئەوروپای ڕۆژئاوا لە ساڵی 1848 یان دەوڵەتانی بلۆکی ناسراو بە سۆشیالیستی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستدا. بەڵام مۆژووی بچوك مەبەستم لێ ی ئەو مۆژووە کەسیەی خۆم بوو کە هاوپەیوەستە بە نائومێدیەکی گەورە. من، وەك ئەوەی دەربارەی خۆم لە کۆتایی ئەو وتارەدا دەربارەی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی ئاماژەی بۆ کرد، کۆی نائومێدیم بە شۆڕشی ئاوابووی ئێران زیاتر لەوەی کۆی ئومێد بم بە شۆڕشەکانی

بەهاری عەرەبی هەڵهاتوو، کە لە کۆتایی وتارەکەمدا وتم کە ئەگەر من ئومێدەکم بە شتێك هەبێت ئەوەیە کە بەکو ئەم ترس و بەدگومانیەم لە شۆنی خۆیدا نەبێت، بەکو ئەنجامەکانی ئەم شۆشە عەرەبیانە هەمان ئەنجامی شۆشی ئێرانی نەبن کە هێزە چالاکەکانی لە ژێر ناوی ئایدۆلۆجیای ئایینی دا دەستیان بەسەرداگرت، بەکو خۆشبەختیم بەو بەهارە هاوەڵی هەمیشەییم بێت لەو تەمەنەی کە ماومە.
بەڵام، وەك بەرەو پێشڤەچونەکانی دواتری ڕوداوەکان سەلماندییان، بەگە بوو لە سەر ئەوەی کە ترسەکەم لە جێگای خۆیدا بوو: بەهاری عەرەبی دەرگایەکی نەکردەوە جگە لە دەرگای دۆزەخ و گەانەوە بێ پێش تازەگەری چاوەڕوانکراو و سەر لە نوێ نغرۆبوون لە ناو زەلکاوی سەدەکانی ناوەاستی خاچپەرستی- هیلالی.

بەڵام وتاری دووەمم کە لە کۆتاییەکانی مانگی ئایاری 2011 نوسیم ناونیشانەکەی ئەمەبوو: سوریا: دەسەاتێك لە چاکسازیەوە بێ خەوەشاندنەوە. کە ناواخنەکەی ئەوە بوو کە سوریای، فرە ئایین و فرە تایەفەو ئیتنیك، بە نۆبەی خۆی لە بەردەم دەرگای دۆزەخی شەی ناوخۆدا وەستاوە ئەگەر دەسەات دەستپێشخەری نەکات بە چاکسازی کردن لە خۆیدا بە هەوەشاندنەوەی خۆی لە لایەن خۆیەوە. بە بێ ئەم هەوشانەوەیە هیچ ڕێگایەکی تر نیە بێ چاکسازییەکی ئاشتیخوازانە کە وەات لە وێران بوون بپارێزێت. بەڵام لە بری ئەوە ڕژێم هەتا خۆی لەو بەڕێنانەش دزیوە کە بێ چاکسازی دابوی. بەڵام با دان بنێم بەوەشدا کە بێوابونم لەو کاتەدا بە بڕێك لە ئومێد، بەوەی داوا لە ڕژێم بکەم کە لە پێناوی دوورخستنەوەی شەی ناوخۆی تایەفی وێرانکەر خۆی هەوەشێنێتەوە، لە جێگای خۆیدا نەبوو چونکە ئەوکات، واتە لە هەفتەکانی سەرەتای سەرهەدانی ڕاپەڕینی سوریادا، ڕێی دەرکی لە ڕووی ڕاگەیاندن و پارەپەدان و چەکدارکردنەوەم درك پێ نەکردبوو، ئەو ڕێەی کە ئەمڕۆ گەلی سوریا بە هەموو لایەکەوە نرخەکەی بە خوێن و بەگیان و بە وێرانکردنێك دەدەن کە لە هەلاکەوە وێنەی نەبووە، ئەمەش لە بارودۆخکی هەرێمی و نێودەوەتدا کە ڕووبەڕووی ململانێیەکی گەرموگوڕی تایفی سونی/ شیعی دەبێتەوە کە زەنگی دووبارە بوونەوەی ئەو ململانێ زۆر دێندانەی کاسلیکی/ پرۆستانتی لێ دەدات کە ئەوروپا لە سەدەی شازدەو حەڤدەدا بەخۆیەوە بینی.
ئەوەی دەمێنێتەوە لە کۆتاییدا بیڵێم ئەوەیە کە ئیفلیج بوونم لە نوسین، منێك کە هیچ شتێکم لە ژیاندا نەکردوە جگە نوسین، وەك مردن وایە. بەڵام بەهەرحاڵ وەك مردنکی بچوك دەمێنێتەوە لە پەراوێزی

ئەو مردنە گەورەیەدا کە مردنی نیشتیمانە.

تێبینی: ئەم وتارە دواهەمین وتاری بیرمەندی سوری "جۆرج تەرابشی"یە، پێش کۆچی دوایی نوسەر لە 16/3/2016 .

_____

سەرچاوە:

http://www.atheer.om/archives/11257/%D8%B3%D8%AA-%D9%85%D8%AD%
/D8%B7%D8%A7%D8%AA-%D9%81%D9%8A-%D8%AD%D9%8A%D8%A7%D8%AA%D9%8A

حیکایەتی عەشقێکی ناکام … شاخەوان سدیق

لە گۆڕانەوەکانی ڕۆمانی (زۆر نیگەرانین، ئێوە لەیلاتان نەدیوە)
" زیاد لە ڕێگایەك هەیە بۆ فریودانی مرۆڤ، هەمیشە خۆشەویستی ئاسانترینیانە"
(عەتا محەمەد) ……

یەکێك لەو بابەت و تەما سەرەکیانەی کە مرۆڤ بەدرێژای مێژوی نوسین قسەی دەربارە کردوە، لە چەندین گۆشە نیگای جیاوازەوە، بابەتی خۆشەویستی و عەشق،ە ئەم بابەتە، ئەگەرچی مەسەلەیەکی ژیانیی و هەمیشە زیندوە، بەڵام قسەکردنیش دەربارەی هەمیشە پێویستی بە شێوازو فۆڕمی نوێیە، بۆ ئەوەی گۆشە نیگا جیاوازەکانی ببینی، و دوربیت لە خۆ دوبارەکردنەوە، چونکە عەشق زیاتر لە هەموو شتێك وەك بابەتێکی ڕوحی و زاتی پەیوەستە بە خودی مرۆڤ خۆیەوە، بۆیە وێناکردنی پەیوەندیەکانی وێناکردنی بنەمای خەونە تایبەت و گشتیەکانی مرۆڤ خۆیەتی، هەروەك ئەوەی (هایدگەر) پێی وایە" مرۆڤ ناتوانێت لە هەبوونی خۆی تێبگات، تەنها لە ڕێگەی تێگەیشتن لە خودی خۆیەوە نەبێت، لە ڕێگەی ئەو خودەی کە هەیە درك بەو وجودەی خۆی دەکات کە هەیە" ەنگە پەیوەست بونی عیشق بە حاڵەتە وجودیەکانی مرۆڤەوە، لە سەر چەندین ئاست بۆ دەربازبونی خودی

مرۆڤە بێت لە چەندین حاڵەتی زاتی، کە ھەنگە سادەترینیان دەربازبوون بێت لە تەنیایی، ھەروەك ئەوەی (بەختیار عەلیش)دەڵێت" مرۆڤ بۆیە عاشق دەبێت، ھەتا تەنھا نەبێت" ئەوەش کە کۆمەکی مرۆڤ وەك دەرزە کەرکی ئەم چەمکە دەکات بۆ بەزیندوی ھێشتنەوەی، ھەمیشە ھونەری گۆرانەوە بووە، (عەتا محەمەد) پێی وایە" ئەوەی مرۆڤی دروستکرد، گۆرانەوەبوو" (ۆداوەکان، چیرۆکەکان، پەیوەندی ئاڵوگۆڕی ھەستەکان)، لە گۆرانەوەیانەوە واتا و مانای نوێ وەردەگرن، ھەر ئەمەشە وایکردوە ھەمیشە مرۆڤ و خۆشەویستی وەك دوانەیەك بۆ بەردەوامی، زیندوێتیان بە ژیان بەخشیوە. ئەگەرچیش زۆرجار و لە سەر زۆر ئاست عیشق و خۆشەویستی یان بۆ ھەمیشە یان بەشکی گەورەی ژیانی مرۆڤیان لە ناکامی و تاریکیدا ھێشتۆتەوە. کە بەرھەمی ئەمەش، سەرەنجام جگە لە دڵشکان شتکی تر نەبووە. (مەریوان وریا قانع) لە مەسەلەی باسکردن لە دڵشکاندا لە دیدارکدا دەڵێت" دڵشکان بەشکە لە بوون، پارچەیەك یان چەند پارچەیەکی گەورەی ژیانە. ھەنگە دڵشکان سەرکیترین ھەستك بێت مرۆڤ لە ئاژەڵەکانی تر جیابکاتەوە. دەشێت ئەوەی مرۆڤ لە زیندوەرەکانی تر جیادەکاتەوە بوونی زمان و عەقڵ و خەیاڵ نەبێت، یادەوەریی کورت و درێژ نەبێت، توانای نووسین و حیسابکردن و دروستکردنی ئامڕنەبێت، بەکو دڵشکان بێت. وەك چۆن باوەناکەم ئاژەڵەکان دێیانبشکێت، ئاواش باوەناکەم بەدرێژایی ھەموو مێژوو یەك مرۆڤ ھەبێت چەندەھا جار دڵی نەشکابێت. من ئەم کورتە باسەی سەرەوە دەقزمەوەو لەم نوسینەدا دەمەوێت لەسەر چەند ئاستك، کەمك بچونی خۆم دەربارەی ڕۆمانی (زۆر نیگەرانین، ئەوە لەیلاتان نەدیوە)ی نوسەری ئێرانی(ڕەسوڵ یۆنان) دەربڕم، کە ئەم ڕۆمانە باسکردنە لە گۆرانەوەی حیکایەتەکانی عەشقکی ناکام، عشقك کە خۆشەویستیەکی پاك و سادەو جوان دەستپێدەکات و بە کۆتایەکی ھەژێنەر تەواو دەبێت، کە یەکك لە گوندەکانی وڵاتی ئێران بەناوی گوندی مەرجان سەنتەری ۆدانی چیرۆکەکەیە.

نوسەر لە چەند دێڕکدا:

نووسەر و شاعیر و وەرگێڕی ئێرانیی، (ڕەسوڵ یۆنان) ساڵی(١٩٦٩) لە گوندکی ڕۆخی دەریاچەی ورمێ لە دایکبووە،.. جگە لە ڕۆمانی (زۆر نیگەرانین ئەوە لەیلاتان نەدیوە) تا ئێستا (4) کۆمەڵە شیعری چاپکردوەو خاوەنی چەندین بەرھەمی وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی فارسی و چەند کتێبکی شانامەشی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، ئەمە جگە لە کتێبی (فرشتەکان)، کە بەشێوەی (مینیماڵ) نوسراوە. ئەم نوسەرە،

ئەستا لە شاری تاران نیشتەجێیە.

چیرۆکی ژمانەکە:

چیرۆکی ئەم ژمانە بەشێوەیەکی سادە باسکردن و گێڕانەوەی ژیانی خێزانێکی چوارکەسیە، لە گوندێکدا، بەناوی ئاوایی(مەرجان) کە لە (دایك و باوك و کچێك و دایەگەورە)یان، پێکهاتوە، باوکە کە ناوی (ئەجەبەو دایکەکە ناوی جەمیلە و کچکەش ناوی لەیلایە) ئەم خێزانە وەك هەموو خێزانەکانی تری گوندەکە لە ژیانێکی سادەو ئاسایدا بەدەخێشیەوە ژیان بەسەر دەبەن، تا ئەو کاتەی کە (لەیلا) ژنێك لە کاتی گەڕانەوەی لە ئاوهێنان لە کانی گوندەکەیان، بە ماکەوت چاوی بە پیاوێکی غەریبی شارۆڤێری ترلەیەك دەکەوێت، بەناوی (ئیبراهیم) پاش ئەوەی کابرا داوای ئاو لە(لەیلا) دەکات، هەندێك گفتوگۆ دەکەن و هەر لەو ساتە بەدواوە، هەردوکیان عاشقی یەکتردەبن، لە دواتردا و پاش چەندینجار لە یەکتر بینینەوە، ئەو عەشقە گەورەترو قوڵتر دەبێت، وەك ئەوەی لە لاپەڕە (43)ی ژمانەکەدا بەم جۆرە باسی دەکات" لەیلا دڵی کەوتە پەلە پەل، هیوای دەخواست هەمیشە ئیبراهیم ببینێت، بەڕام ئیبراهیم دوربوو، زۆر دور، لە نێوان ئەو ئیبراهیمدا چەندین شاخ و دەریاو بیابانی بێژمار هەبوو، ئارەزووی دەکرد کە دونیا بچوك بوایە، تا ئەوان بیانتوانیبا هەموو ژنێك یەکتر ببینن، بەڕام دونیا گەورەبوو، گەورەتر لەوەی کە ئەو بیری لێدەکردەوە" دوای بەردەوام بونی ڕۆداوەکان، بەهۆی جوانی و سەرنجراکێشانی گەنجانی گوند، لەیلا ژنانە دڵخوازو داواکاری تا دێت زۆرتردەبێت و چەندین گەنج عەشقی خۆیانی بێ بەیان دەکەن، لەوانە (بولودی کوڕی سوغرا، یەشاری کوڕی محەمەدی ئاوچی، بایرامی کوڕی ئەلبای دارتاش) بەڕام (لەیلا) داوای هەمویان ڕەتدەکاتەوەو بەهیچیان ڕازی نابێت، پاش بەردەوام بونی یەکتربینینەکانی (ئیبراهیم و لەیلا) هەفتانە بە نهێنی، و بینینیان لە لایان (بولودی) کەوڵاڵەوەو پاش بڕاوکردنەوەی هەواڵەکە لە ئاوایدا، ئیتر باوکی لەیلا زۆر نیگەرانەدەبێت و لەیلا ناچار دەبێت، لەگەڵ (ئیبراهیم)ی خۆشەویستیدا هەڵبێت، پاش ئەوەی دەچنە شارێکی سەر سنوری، لەوێ هاوسەر گیری دەکەن و ماڵێك پێکەوە بنیات دەنێن، لە یەکێك لە ڕۆژەکاندا، ئیبراهیم لە بەرامبەر گواستنەوەی بارێکدا بە پارەیەکی زۆر ناچارە سەفەرێکی هەفتەیی بکات، هەرچەندە لە سەرەتادا لەیلا ڕازی نابێت، بەڵام لە دواجاردا(ئیبراهیم) ڕازی دەکات، بەڵام لەیلا بێئاگا لەوەی کە هاوسەرەکەی ئەوە دواجار دەبێت دەڕوات وئیتر هەرگیز ناگەڕێتەوە، ئەم هەواڵەش لە زاری (موراد)ی

هاوڕێی (ئیبراهیم)ەوە، دەگات بە لەیلا، کە دواتر ئەم (موراد) چاوی تەماع لە (لەیلا) دەبڕێت و ناپاکی لە هاوڕێکەی دەکات، (لەیلا) لە درۆژەی ئەم چیرۆکەدا توشی زۆر ڕووداوی ناخۆش دەبێت، بەهۆی ئەوەش کە ناتوانێت بگەڕێتەوە گوندەکەیان ناچارە کاربکات، دواتر موراد دەیباتە کافتریاو یانەیەکی شەوانەو دیکاتە گۆرانبێژ، دوای بۆاو بونەوەی وێنەکانی لە سەر دیواری یانەکان و بۆاوبونەوەی ناوناوبانگی، کۆانی گوند بەهۆی زراندنی ناوی گوندەکەیانەوە بۆیاردەدەن بچنە شاربۆ سکراغی، ئەوسا بەدیتنەوەی یان بیکوژن یان بیبەنەوە، پاش گەیشتنیان بەشارو مانەوەیان لە ئوتێلێك، شەو دەچنە یەکێك لە یانەکان و لەوێ (یەشاری کۆی محەمەدی ئاوچی) کە یەکێك لە ئاشقەکانی (لەیلا) پەلاماری کچە گۆرانی بێژی ناو یانەکە دەدات، کە پێی واە خۆشەویستەکەیەتی، بەڵام پاسەوانەکانی یانەکە زۆر بە خراپی لێی دەدەن و فڕێی دەدەنە دەرەوە، کاتێك دەگەڕێنەوە، بۆ ئوتێلەکە یەکێك لە ژنە خزمەتکارەکان کە دەوچاو ڕوخساری سوتاوە، چارەسەری (یەشار)دەکات، و پێی دەڵێت، من دەزانم بەدوای کێدا دەگەڕێن، ئەو ژنەی بەدوایدا دەگەڕێن، هاوڕێی من بوو، ئەو دوای بیستنی هەواڵی مردنی باوکی، گەی لە کافتریاکە بەرداو خۆی سوتاندو ئێمەشی ماتوبڕانکرد، بۆیە بڕیارەوەو چیتر بەدوادا مەگەڕێن، کۆەکان، بەبیستنی ئەو هەواڵە بە دڵشکاوی و ناکامانە دەگەڕێنەوە بەرەو گوندەکەیان کە (ئاوای مەرجانە)، ئەو خزمەتکارە ڕوخسار سوتاوەش، کە بەهۆی سوتانی ڕوخساری و چونەناوتەمەنیەوە کۆەکان نەیان ناسیەوە، جگە لە خودی (لەیلا) خۆی هیچ کەسکی تر نەبوو. ئەو (لەیلا)یەی کە ڕۆژانێك جوانترین کیژۆڵەی گوندەکەیان بوو، بەڵام عەشق چارەڕەنوسی بەتەواوەتی گۆڕی.

ناونیشان و دەسپێك وەك دوانەی بەهۆزی ڕۆمانەکە:

یەکێك لە کلیل و سەرەتای چونە ژورەوەی هەر تێکستێك، بێگومان (ناونیشان)و دەستپێکی چیرۆکەکەیە، چونکە هەڵبژاردنی ئەم دوانە بەشێوەی سەرنجراکێش، وادەکات، نوسەر سیحری خۆی لە خوێنەربکات بۆ ئاکشانی و بەردەومیدان بە خوێندنەوەی تێکستەکەی، هەڵبژاردنی ناوی (زۆر نیگەرانین، ئێوە لەیلاتان نەدیوە) بۆ ئەم ڕۆمانە یەکەکە لەو ناونیشانە سەرنج ئاکشانەی کەوای کردوە لە بەرگەکەیەوە هزری خوێنەر بۆلای خۆی ڕابکێشێت. دەربارەی دەستپێکیش، نوسەرو ڕەخنەگری ئۆرانی (محەمەد ڕەزا سەرشار) پێی وایە" دەستپێك پانتایی و پێگەی زەمەن و شوێنی چیرۆك شیدەکاتەوە و بە شێوەیەکی باویش کەسایەتی

سەرەکی دەهێنێتە ناو چیرۆکەکە و زانیارییەکی گشتی و سەرەتای لە چیرۆکەکە بەخوێنەر دەدات" لەم ڕوانەشدا نوسەر عاقڵانە بە دەستپێکێکی سەرنج ڕاکێش دەستپێدەکات و خوێنەر ناچار بە شوێنکەوتن و خوێنەوەی دڵبەدڵو تەواوی ڕستەکانی چیرۆکەکەی دەکات بەم جۆرە" لەیلا لە تەنیشت پەنجەرەکەوە نوستبوو، بزەیەك کە بەسەر لێوەکانیەوە بوو، پیشانی دەدا خەریکە خەونێکی خۆش دەبینێت، بۆئەوەی بزانێت ڕۆژێك چیرۆکی ژیانی، خەو لە چاوی زڕێك دەتارێنێت"

زمان و شیعر لە نوسین و گێڕانەوەدا.

بۆگومان یەکێك لە خاڵە بەهێزو پتەوەکانی سەرکەوتنی هەر تێکستێك بەسراوە بە چۆنێتی زمانی نوسینەکەیەوە، هەروەك (کاروان کاکە سور)یش پێی وایە" زمان مەرجی یەکەمی داهێنانە بۆ هەر نوسەرێك) لەم ڕوانەشدا و بۆ چۆنێتی بەباشی گێڕانەوەی چیرۆکەکە، نوسەر پشتی بە شێوازێکی سادە لە دەربڕین و قۆڵ لە گەیاندندا بەستوە کە شیعریەت تەواوی زمانی دەربڕینەکانی داپۆشیوە، ئەمەش چەند پەیوەندی بە سوزداربونی ڕوداوەکانەوە هەیە، ئەوەندەش پەیوەندی بە خێراتر گەیاندنی بیرۆکەو تەمای تێکستەکەیە بە وەرگر. وەك ئەوەی لە لاپەڕە (6)ی ڕوانەکەدا دەڵێت" لەیلا خەونی بینیبوو گوڵکی سووری گەورە لە ناوەڕاستی دەریاچەی گوندەکەدا ڕواوەو ئەو لە ژێریدا، لە قووڵایی دەریاچەکەدا، لەگەڵ پەرییەکاندا دەژی" یان لە شوێنکی تری ڕوانەکەدا دەڵێت" شاپەری لە سەر تاشە بەردێك دانیشتوەو دەفی مانگی دەژەند. پەریەکان بە چوار دەوریدا لە سەرخۆ سەمایان دەکرد، دەفی مانگ بە جووڵەی دەستەکانی شاپەری، بەرزو نزم دەبۆوە و ڕووناکییەکەی، سەمای پەرییەکانی جوانتر دەکرد.

تەکنیك وەك کەرەستەیەکی بەهێزی گێڕانەوە:

گێڕانەوە و هەبژاردنی تەمای سەرەکی ئەم چیرۆکە بە بۆای من یەکێکە لە تەکنیکە سەرنج ڕاکێشەکان کە لە ڕوانگەیەوە مرۆڤ ئارەزووی بەردەوامبون لە خوێندنەوەی چیرۆکەکە دەکات، بەڵام چەند چیرۆکەکە گرنگە، ئەوەندەش شێوازی گێڕانەوەکەی گرنگە بە تەکنیکی بەهێز، نوسەر لەم ڕوانەدا تا کۆتایی بەشێوەیەکی سادە لە ڕوانگەی ڕاویەکی هەموشت زانەوە، کە ئاگاداری تەواوی چیرۆکەکەیە سەرجەم ڕوداوەکان لەسەر زمانی کارەکتەرەکانەوە دەگێڕێتەوە، بەڵام لە کۆتا بەشی ڕوانەکەدا بە تەکنیکێکی بەرز خوێنەر توشی دڵڕاوکێی و شەژان دەکات، بەوەی کە هەر کارەکتەرو کەسایەتیەك باس لە خۆی و چۆنێتی

ەودانی چیرۆکەکە دەکات، کە هەندێك پێیان وایە، چیرۆکەکە لە ئەساسدا بونی نەبووەو تەنها ئەفسانەیە و ئەسەن (لەیلا) هەر بوونی نەبووە، (هەجەب) کە لە ڕۆمانەکەدا باوکی لەیلایە، دەڵێت" ئەو هەر کچی نەبووە بەناوی لەیلا،" ئەو پێی وایە ئەو چیرۆکە دایکی، کە دەکاتە دایە گەورەی لەیلا لە ڕۆمانەکەدا خێی دروستی کردووەو هەڵی بەستوە، ئەویش بەمەبەستی دەرکردنی بێتاقەتی ژنەکەی واتە (جەمیلە) کە لە ڕۆمانەکەدا، دایکی (لەیلا)یە. لەکاتێکدا یەکێك لە ئاشقەکانی لەیلا کە ناوی (بلود)ی کوری سوغرایە، دەڵێت" چیرۆکەکە ڕاستەو ئەو بە ڕاستی عاشقی لەیلا بووەو لەیلا ڕاستەقینەیە، کە دواجاریش هەر لە پێناو ئەودا خێی فیداوەتە دەریاوە" بەم جۆرەش نوسەر گەمەی خێی لەگەڵ خوێنەردا دەکات و لەکۆتا بەشی یاداشتەکانیدا، کۆتایەکی کراوە بۆ خوێنەر جێدەهێڵێت و بە خوێنەر دەڵێت" ئەم چیرۆکە خەیاڵییەو هەر جۆرە وێکچوونێك لە نێوان کە سێتیەکانی چیرۆکەکەو کەسێتی ڕاستەقینەدا ڕێکەوتە، هەبەت ئەوەیش بەم هەندێك کات، هەست دەکەم ئەم چیرۆکە ڕووی داوە. ئەی بۆچوونی ئێوە چییە؟؟؟

دوا سەرنج لەسەر ڕۆمانەکە:

ئەگەرچی چیرۆکی ئەم ڕۆمانە بەبۆای من چیرۆکێکی سۆزداری سادەیە و هاوشێوەی نوسین و گۆڕانەوەی لەم جۆرە لە زۆرێك لە ئەدەبیاتەکاندا بونی هەیە، بەتایبەت هەر لە ئەدەبیاتی (ئۆرانی)خێیدا کە بە چەندین شێوە لەلایان نوسەرانی دیکەوە چیرۆك گەلی وا دارێژراون و لە ئەدەبیات و حیکایەتی کوردیشدا هاوشێوەی هەیە و شتێکی زۆر نوێ نییە، وەك بابەت، بەڵام گۆڕانەوەو شێوازی داڕشتنی ڕوداوەکان بەو گرێچنیە وردە و بەو زمانە سادەو پاراوە، بەڕاستی لە زۆرێك لە تێکستەکانی دیکەی جودا دەکاتەوە، هەر ئەمەشە وادەکات خوێنەر چێژ لە خوێندنەوەی بابات و ئارەزووی تەواونەکردنی تێکستەکە بکات. ئەم ڕۆمانە بەقەبارەی نیو(A4) و لە دوتوێی (204) لاپەڕەدا، لەلایان دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە چاپ و باوکراوەتەوەو لە بەرهەمەکانی ساڵی (2013)یە و هاوڕێی وەرگێریش (جەبار سابیر) بەزمانێکی جوان و شیرینی پاراوی کوردیانە، وەرگێڕاوە، کە بە ڕاستی جێگای سوپاس و دەستخۆشیە. من لە خوێندنەوەی دووجاری ئەم ڕۆمانە چێژی زۆرم بینی بۆیە تەمەنا دەکەم ئێوەش بیخوێنەوەو لەو چێژە بێبەشنەبن. چونکە وەك (میلان کۆندێرا) دەڵێت" عەقڵی ڕۆمان عەقڵی ئاڵۆزییە، هەموو ڕۆمانێك بە خوێنەری خێی دەڵێت: شتەکان لەوە ئاڵۆزترن کە بیریان لێدەکەیتەوە"

بۆ ئەم نوسینە سودم لەم کتێبانە وەرگرتوە.
هونەری ڕۆمان_ میلان کۆندێرا_ لێکۆڵینەوە.
دەستپێك لە چیرۆکی کوردیدا_ ئارام سدیق_ لێکۆلینەوە.
ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان_ عەتا محەمەد_ ڕۆمان.

Shaxi83@yahoo.com

تێگەیشتنـــــــی بـــــازنەیی … عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

لە کۆمەڵە شیعری (تاریك، بەقەد دڕەوشانەوە، تاریك)ی کەریم دەشتی- 2016 هەولێر- ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

تەنیا ماینەوە
من و باقەیە خەیاڵ
کە بەشی پێکێکی قەیتانی نەدەکرد
من بەو خەیاڵە
سەراپا تراژیدیای ژیانم نوسییەوە. ل3

(کەریم دەشتی) شاعیرێکی بە ئەزموونی پڕ بەرهەمە، بە یەکێك لە شاعیرانی (نەوە)ی هەشتاکانی شیعری کوردی دەژمێردرێت، هەگری جۆرێك لە تایبەتمەندی شیعرییە و پشت بە "بیرکردنەوە" و "خەیاڵ" دەبەستێت و بایەخ بە (چنینی ریتم)ی شیعری، دەنگ و سەروا دەدات، ئەوەی دوایی وای کردووە شیعرەکانی لە ڕوونی و سادەیی نزیك ببنەوە! لەو ئەزموونە نوێیەدا بە شێوەیەکی گشتی بڕەوی بە (تێگەیشتنی بازنەیی) و بە تایبەتی (تێگەیشتنی وشە) داوە.

لە کتێبی (ڕەوانبێژی خەیاڵ) کە بەشە پراکتیکەکەی بە ناونیشانی وێنەی "کتێب" لە ئەزموون و ئەزموونگەری "کەریم دەشتی"شاعیردا. قسەم لە بارەی میکانیزمی کارکردنی شاعیر کردووە و پێموایە شاعیر وەك میکانیزمی کارکردن زۆتر بەلای هەبژاردنی زمانی شیعرییدایە، هەمیشە هەوڵەکانی خۆی لەوەدا کۆ دەکاتەوە، کە (ڕۆگای گوتن) بۆ زمان خۆش بکات. لەو ڕۆگا خۆش کردنەشدا هەندجار شاعیر ئیشکالی

گەیاندن و نەگەیاندنی بیرۆکەی شیعریی لە ڕۆگای ئەزموونەوە چارەسەر دەکات. وەك چۆن ئیشکالیەتی وێنە و تەعبیرکردنی شیعریی لە ڕۆگای تێگەیشتنی ناوەکی زمانەوە، یان بە مانایەکی دیکە لە ڕۆگای ئەزموونگەرییەوە چارەسەر دەکات. لە سەر ئەو بنەمایە دەشێ بڵێم ئەزموونی شاعیر لەگەڵ زمان و شێوازگەریی تەعبیرکردن، لە سەر دوالیزمی ئەزموون و ئەزموونگەری – بەردەوامی زمان و چرکەساتی ئازادی دەربڕین – وەستاوە. ئەو بیروڕایەی من کێی بەرهەمە شیعرییەکانی تا ساڵی (2011) دەگرێتەوە.

لە خوێندنەوەی کتێبی ناوبراودا پێموایە شاعیر لە (پرسەی نوسینی شیعری) زۆر جاران (بابەتێك) یان (فیکرەیەك) بەرەو نوسینی دەبات؟! فیکر و مانا لە دروستکردنی وێنەدا بەشداری تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام دیارە لێرە مەبەست لە فیکر و مانا وەك ڕەگەزێکی شیعری بینراوە، نەك وەك لۆژیك و تێگەیشتن!! بەڵام لەو ئەزموونە نوێیەدا من وەك خوێنەرێکی کێی بەرهەمەکانی شاعیر هەندێك گۆڕانکاری دەبینم، یان هەندێ ئەزموونکاری دەخوێنمەوە، ئەوەی زۆر بەرجەستەشە گۆڕانکاریە لە شێوازیی تەعبیرکردن و هێنانە ناوەوەی تێگەیشتنی بازنەییە لە خولانەوەی وشەدا.

لە کەمەڵە شیعری (تاریك، بەقەد دڕەوشانەوە تاریك – 2016) شاعیر وەك ئەزموونگەرایەك لە ڕووی مەعریفەی شیعریی و تەعبیرکردن، کاری لە سەر (تێگەیشتنی بازنەیی) کردووە… بەو مانایەش دەشێ خوێنەران جیاوازییەکانی ئەو ئەزموونە شیعرییە، نەك هەر تەنها لە ڕۆگا گۆڕانکاری لە شێوازیی تەعبیرکردن، بەڵکو لە ڕۆگای بەرجەستەکردنی تێگەیشتنی بازنەیشەوە زۆتر هەست پێبکەن!

شاعیر لە هەموو ئەزموونەکانی خۆیدا لە (ڕۆگا خۆشکردن بۆ زمان) دوور نەکەوتۆتەوە، ئەوەش بە بۆای من پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سەرچاوەی مەعریفی شیعریی –یەکەمەوە- هەیە، واتە باوکی وەك شاعیرێکی کلاسیزمی کوردی لە پرسەی نوسیندا وەك بنەمایەکی سەرەکی زمانی شیعریی فەرامۆش نەکردووە!

لێرە قسەکردنم لە سەر تەعبیرکردنی شیعریی دەکەوێتە نێوان سنوری (دەق -تەعبیرکردن) و سنوری (وەرگر -تەئویل) کردن! دەمەوێ بڵێم چەمکی تەعبیرکردن، خێی لە بەرفرەوانکردنی سنورەکانی توانا و ئەزموون و ناخی شاعیردا دەبینێتەوە، وەك چۆن نابێ سنورەکانی توانا و ئەزموون و ناخی وەرگریش فەرامۆش بکەین! بگومان نابێ لە بیرمان بچێ، بەشێکی زۆری ئەو ئەزموونگەرییە دەکەوێتە سەر ئازادی

بیرکردنەوە و ئاستەکانی خوێندنەوەی خوێنەرەوە؟!

بە دیوەکەی دیکەش هەمیشە شێوازی تەعبیرکردن بە شێوە جۆراوجۆرەکانی زمانی ئەدەبییەوە بەندە! زمانی ئەدەبی دووڕە لە راستەوخۆیی، هەڵگری ڕوویەکە لە ڕووەکانی حەقیقەت، زمانی ئەدەبی لە سەر لادان و خوازە و ڕەمز بەڕەو کەشفکردن هەنگاو دەنێت… هەبەتە لە بەرانبەر شێوازی زمانی تەعبیرکردن، شێوازی زمانی ئەبستراك هەیە… شێوازی زمانی ئەبستراك هەموو هێزی خۆی لە لادان و ئاماژە و ڕەمز خەرج دەکات، هەمیشە بۆ پرکردنەوەی بۆشاییەکانی پشت بە خوێنەران دەبەستی… ئەوەش یەکێکە لە خاڵە بنەڕەتییەکانی جیاوازی نێوان زمانی تەعبیری و زمانی ئەبستراك.

بەڵام دواجار زمانی ئەدەبی بە هەموو ئاستە جیاوازەکانییەوە پشت بە ئازادی بیرکردنەوە و ئاستەکانی خوێندنەوە دەبەستێ… هەموو ئەو قسانەم بۆ ئەوەیە بڵێم بزاڤی زمانی تەعبیرکردنی کەریم دەشتی لە کۆی ئەزموونەکانی پێشووی تا ساڵی 2011 لە زمانی تەعبیرکردنی (زیندەگی)یەوە بەدەر نییە، یان بە شێوازی زمانی تەعبیرکردن لە ڕێگای زیندەگییەوە بەندە… بە شێوەیەکی گشتی شێوازی زمانی تەعبیرکردن لە ڕێگای زیندەگییەوە، پشت بە ریتمی ناوەکی ژیان دەبەستێ و هەندێجار کار لە تێکشکانی گرامەر و ڕەنگاوڕەنگی دەکات، بۆ ئەوەی پەرتوبڵاو بێت… (جەلال بەرزنجی، دلاوەر قەرەداغی، بەرژ ئاکرەیی، هیوا قادر…) لەگەڵ جیاوازییەکانیان نموونەی دیاری ئەو شێوازەن…

بە بۆای من شێوازی زمانی تەعبیرکردن لە ڕێگای زیندەگییەوە، بۆ کەریم دەشتی تا (ساڵی 2011) درێژ دەبێتەوە، بەڵام دواتر شێوازی زمانی تەعبیرکردنی شاعیر خۆی لە تەعبیرکردن لە ڕێگای دنیابینییەوە دەدۆزێتەوە، لە (تاریك، بەقەد درەوشانەوە تاریك – 2016) ئەو شێوازە بە تڕپك دەگات، لە کەمەڵە شیعری (تاریك، بەقەد درەوشانەوە، تاریك) دنیایەکی دیکەی نوێ لە پەیوەندی نێوان وشەکان و شتەکان دروست دەکات.

بە شێوەیەکی گشتی شێوازی تەعبیرکردن لە ڕێگای دنیابینی، شێوەیەکە لە شێوەکانی زمانی تەعبیرکردنی شیعریی، کە ئەزموونی هەستی کەمتر تێدا دەردەکەوێت، زۆرتر پشت بە درێژکردنەوەی تێگەیشتنەکان و خولانەوە دەبەستێ، کار لە ریتمی دەرەکی دەکات، کەمترین دەنگی دژکاری تێدایە، چۆن، هەندێجار لەگەڵ پلەکانی گرامەر دژ دەکەوێتەوە. ئەوەش گۆشەنیگای شاعیرانە بۆ خوێنەر دەنەخشێنێ!

گۆشە نیگای شاعیرانە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە دیتن یان دنیابینی و خەونبینییەوە هەیە، ئەوە دەشێ تێگەیشتنی من بێت، بە روانینی شاعیرانە و دیتنی دنیا و شتەکان بە چاوێکی نوێوە… (شەرکە بکەس، رەفیق سابیر، هاشم سەراج، دلشاد عەبدوڵا، ئەحمەدی مەلا، جەمال غەمبار…) بە جیاوازییەکانیانەوە لە بارەی زمان و تێوانین و هەستی شیعرییەوە… نموونەی دیاری ئەو شێوازەن: بە نموونە زمان و تێوانینی هاشم سەراج پەیوەستە بە هەبوونی شیعریی لە هاوکێشەی (بوون – نیگەرانی – مردن) و لەگەڵ تێوانینی (تاریك، بەقەد دڕەوشانەوە، تاریك) وەك لە خوارەوە ئاماژەی بۆ دەکەم، جیاواز دەکەوێتەوە… دلشاد عەبدوڵا، هەوێدەدات لە ڕێگای هاوکێشەی بابەتییەوە شیعرییانە بەسەر گێڕانەوەکاندا بچێتەوە. دەیەوێت هاوکێشەی بابەتی لە نێوان شیعر و گێڕانەوە دروست بکات! ئەو شێوەیە لە تێوانین هەمان زمانی گێڕانەوەی شیعریی و ڕەگەزی زاڵی گێڕانەوەی جەمال غەمبار نییە، ئەحمەدی مەلا هەندجار لەگەڵ پلەکانی گرامەر دژە و زێتر لەگەڵ گۆشەنیگای شاعیرانە دێتەوە… (بۆ ئەوەی لە بابەتی نوسینەکە دوور نەکەومە ئەو پێلینکردنەی زمانی تەعبیرکردن و جیاوازییەکانی بۆ کاتێکی دیکە هەڵدەگرم)

لە سەر ئەو بنەمایە دەتوانم بڵێم تایبەتمەندییەکانی شێوازی زمانی تەعبیرکردنی شیعری (تاریك، بەقەد دڕەوشانەوە، تاریك) خێی لە بزاقی جوانی و توانای شێوەگرتن و گەشەکردنی تێگەیشتنی بازنەییدا دەبینێتەوە، شاعیر بە ئاگاییەوە لە ڕێگای هاوگونجانێکی هونەری بەرزەوە تێوانین و دنیابینی خێی دەخاتە ڕوو. دەشێ خوێندنەوەم بۆ تێگەیشتنی بازنەیی، لەو ئەزموونە نوێیەی شاعیردا لەوێوە خێی هەبگرێتەوە، کە (تێگەیشتنی بازنەیی) بەلای منەوە، ناونانی میکانیزمی کارکردنێکە بۆ چەسپاندنی تێگەیشتن لە سەر خودی تێگەیشتن! پێموایە دەشێ دوو بنەمای بنەڕەتی بۆ ئەو میکانیزمە دەستنیشان بکەم: یەکەم، بنەمای فیکرەی دابڕان: فیکرەی دابڕان لە مانایەکەوە بۆ گەیشتن بە مانایەکی دیکە، یان لە تێگەیشتنێکەوە بۆ بەرجەستەکردنی یەکێکی دیکە… دیارە تایبەتمەندییەکانی ئەو بنەمایە بە بۆای من لە سەرسامبوونی خوێنەردایە، چونکە خودی فیکرەی دابڕان لە شیعردا وا لە خوێنەر دەکات، جارێکی دیکە بۆ خوێندنەوە بگەڕێتەوە، تاکو بتوانێ باشتر لە هەردوو ئاستەکە بگات و چێژی زێتر بە دەست بهێنێ. بۆانە هەبوونی شیعریی لە هاوکێشەی (بوون – دابڕان– هەتاهەتایی)

باش وەکو دڵم تاقە خۆشەویستێکی هەبوو
هەتا ماوە بۆی ئەگەڕێ
تەنیا من و تۆ ماینەوە ئەی با. ل30

بنەمای دووەم، فیکرەی دووبارەبوونەوە، یان خولانەوەی وشە: واتە شاعیر هەوڵدەدات هەمان ئەو تێگەیشتنە دووبارە بکاتەوە کە هەموو جەزی لێدەکەین، ئەویش لە پێناو جێگیرکردن! راستە دروستکردنی حاڵەتێکی دەروونی لە پشتەوەیە… بۆیە مەرج نییە بتوانێ هەمووان رازی بکات، بەڵام هێزی دەربڕینی شاعیر پێشاکێکی دیکەی نوێی پێدەبەخشێ، کە لەبەر دڵان بێت. بۆوانە هەبوونی شیعریی لە هاوکێشەی (بوون– دووبارەبوونەوە–هەتایی)

زەرم بیر کردەوە شیعر شەە لەگەڵ زمان
زمان شەە لەگەڵ زمان
زمان شەە لەگەڵ بازنە
زەرم بیر کردەوە بازنە ئەبەدییە و کۆتایی نایەت. ل62

هەمیشە کەریم دەشتی لە ئەزموونەکانی خۆیدا بۆ ئەو هێزەی زمانی تەعبیرکردن، پەنای زۆری بۆ موزیکای وشە و هاوگونجان ((چنینی ریتم)) و دواتریش بەرجەستەکردنی چییەتی زمان بردووە، بەڵام لەو ئەزموونە نوێیە پێگەییوەدا بەرجەستەکردنی تێگەیشتنی زمان، پێش ماهییەتی زمان دەکەوێت؟! دەشێ بۆ (چییەتی زمان) بە دوای دەنگ و مانادا بگەڕێین، بەڵام دەبێ بۆ بەرجەستەکردنی (تێگەیشتنی بازنەیی) پەنا بۆ ئاشکراکردن و بە دواداگەانی تێگەیشتنی تایبەتی وشە و خولانەوەی وشە بەرین…

هەوێکی زەرم دا بە چەند وشەیێ خەم بکوژم
کەچی وشەیەکی زەرم کوشت و هەر نەکوژرام
زەر هەوەم دا دوژمنێ بێ خەم دروست کەم
بەڵام لە خەم زێتر کەسم نەدێزییەوە. ل102

شاعیر چۆن لە ناو و ناونانەوە گەیشتووە و چۆن ئەو ناو و ناونانە بە هەبوونی شیعرییەوە دەلکێنێ؟! بە مانایەکی دیکە (دەرخستن) و (ئاشکراکردن) و (نواندن)ی تێگەیشتن، لەو ئەزموونە نوێیەی شاعیردا دەرخستن و ئاشکراکردن و نواندنی تێوانینە بۆ (بوون) لە شیعردا، بە دیوەکەی دیکە لە کەمەڵە شیعری (تاریك، بەقەد درەوشانەوە تاریك – 2016) تێگەیشتنی شاعیر یان (هەبوونی شیعریی) لای ئەو مەعریفەی شیعریی شاعیر دەخاتەوە، بەڵام مەعریفەیەکی جیاواز لەوەی لە سەرچاوەکانی یەکەمەوە پێگەیشتبوو! هەمیشە مەعریفەی شیعریش دنیابینی شیعری رەنگ دەکات… کەواتە شاعیر ئەو کاتە ناو لە شتەکان دەنێت، کە تێگەیشتنی تایبەتی خۆی دەنوێنێ، بە مانایەکی دیکە تەنها ئەو وشانە دەتوانن تێگەیشتنی شاعیر بەرجەستە بکەن، کە

دەتوانن ئەوە بڵێن کە شاعیر بە پێی دنیابینی خۆی دەیەوێت، هەر ئەوەش تایبەتمەندی هەبوونی شیعری لای کەریم دەشتی ئاشکرا دەکات.

بە کورتی شاعیر وێنەی تێگەیشتنی خۆی یان (تێگەیشتنی بازنەیی) لە چوارچێوەی شیعردا بە خولانەوەی وشە و خولانەوەی فیکر لە لایەك و فیکرەی دابڕان لە لایەکی دیکە سپاردووە.

1/5/2017 هەولێر

لەنێوان "بەڵێ" و "نەخێر" دا … عەزیز هەئووف

چەند سەختە نەتەوەیەکتان هەناوەتە سەر چۆك و داوای غیرەتیشیان لێ دەکەن. چەند سەختە لە بیست و شەش ساڵی ڕابردوودا بەناوی کوردبوونەوە کەرامەتی کوردایەتیتان شکاندووە و ئێستا تەنها بە بەڵێ و نەخێرێك دەتانەوێت شکۆی بێ بگەڕێننەوە. چەند سەختە یەك مژدەتان بێ خەڵکی کوردستان بەجێ نەگەیاندووە ئێستا ختوکەی هەستی ناسیۆنالیستیان دەدەن و لەنێوان کوردبوون و کوردنەبووندا دنیایان بێ دابەش دەکەن.

کێشەکانی ئێمە زۆر لەوە ئاڵۆزترن بە بەڵێ و نەخێر چارەسەر بکرێن. ئەمە کاربەدەستکردنە تەنها لەم تاریکییەدا بتەوێت بە بەڵێ یان بە نەخێر ڕای خەڵت دەربڕیت. نەتەوە دروست دەکرێت، کە ماڵێ دروستکرا خۆی ئامادەگەیەنرێت و پێویستی بە ئیفراندنم نیە ئایا ئێمە ماڵمان هەیە یان نا. کە دیوارەکە دروست کرا قەڵا بۆخۆی پتەو دەبێت، بەڵام یەك بەردتان نەهێناوە بۆ بنیادنانی قەڵاکە و ئێستا لەنێوان بەڵێ و نەخێری دروستکردنی قەڵایەکدا کێمەگە دابەش دەکەن و ئەوەی لەگەڵتان نەبێت تەخوینی دەکەن.
چەند سەختە وەك وەستایەك شکستت هێنابێت لە دورستکردنی وشکە کەڵەکێکدا ئێستا باس لە دورستکردنی قەڵا بکەن و لەکاتێکدا هەر خۆتان قەڵاکەتان پێ کردبێت لە مار و مێروو، هەرخۆتان قەڵاکەتان بە سەرزەوی و ژێر زەویەوە تاڵان کردبێت و کوردەکانی ناو قەڵاکەتان برسی و کردبێت و زیاد لە دوو دەیەیە شکۆیان دەشکێنیت و

ئەستاش ئەوەی لەگەڵتان نەبێت بە خائینی دەکەن.

چەند سەختە کوردبوون، ئەوەی باسی کوردایەتی دەکات خاڵیە لە هەناسەی کوردبوون و کوردبوونی تەنها بە هەڵفاهیەت و تاڵانی دەوێت، زۆرینەی خەڵکی کوردستانیش کوردبوون بۆیان بۆتە ئازارێکی سەخت و ئەستاش بە بەڵێ و نەخێر تاقی دەکرێنەوە. چەند سەختە کوردبوون کە بە هەڕەژی هەوناك قاچاخچییەکان باسی کوردایەتیت بۆ بکەن و ئەوانەی کە بیست و شەش ساڵە لەسایەی ئەم سیستەمە ناشرینەی دەسەڵاتەوە کۆی ئازارەکانیان چەشتووە، کەچی ئەوسەری تۆنەهەکەت لێ بگرن و کوردایەتیت پێ بفرۆشنەوە. چەند سەختە کوردبوون بەئاشکرا خائینان و نیشتیمانفرۆشان و تاڵانچییەکان باسی نیشتیمانپەروەری و کوردایەتیت بۆ بکەن و تۆش لەنێوان بەڵێ و نەخێر دا تەنها دەتوانی بۆ کوردبوونی خۆت بگریت.

چەند سەختە کوردبوون، سندوقێکتان داناوە ئەگەر بە نەخێر دەنگ بدەین ئەوا بەدنیا دەڵێین ئێمە ژێردەستەییمان قبوڵەو نامانەوێت خەمان بەهەوەبەرین، ئەگەر بە بەڵێ دەنگ دەدەین، ئەوا بڕقانونی و کەرامەتشکاندنمان قبوڵە هەر بەدەستی ئەوە و هەم بە دنیا دەڵێین ئێمە قاچاخچییەکانی نەوتمان قبوڵە چ بڕیارێك دەردەکەن لەگەڵیانین. چەند سەختە کوردبوون هاوڕێیان.

چەند پەیامێکی مەزن بۆ دوولەوی بچووک … نیگار نادر

هەوان ژیکۆلێترین و شیرینترین هاوڕێ و هاوزمان و هاووحی لەندەنم ، ئەو هەوان پاکە لە تەمەنی سێ مانگیەوە هەتا سێ ساڵی لەکوردستان زمانی فراژاوە بەو مانایەی خەڵسکانێ کوردێ و هەشتا کە تەمەنی چوارساڵە و گەورەتەوە لەندەن تاڵستاش بۆ لەندەن نامێنێ و لەزمانی ئینگلیزی دەترسێ و هەرگیز نایەوێ تێبگا و قسەی پێبکا ، ئەو پێیوایە تەنها دەبێت بەکوردی قسە بکا لەوجیهانەدا هەموو کەسیش لە لەندەن لەی تێبگا ،هەروەها تاسێیکی شیرین و گەرمی بۆ نیشتیمان هەیەو هەمیشە بەنی کوردستان لەمن دەکا ، ئەو

سەربزوترین و ووحبزورترین منداڵ لە ژیاندا بینیبتم کە جڕەها پرسیارو پەیامی بە خودا هەیە ،هەروەها جوانترین و پاکترین جیهانبینی هەیە، هیچ بڕبەستکی مودا و سنوورو زمان و جوگرافی و ڕەزمان ڕەچاوناکات، ئەو بە ڕەوانی دەدوە و داوای فەلسەفیانە لە ژیان دەکا ، بەڵام چونکە پەیوایە ئەو زڕ بچوکە و زمانی تەواو نیە حەزدەکا زڕبەی پەیامەکانی خەی لەڕگای منەوە بنڕە ، ئەوە یەکە لە پەیامە هەرە پاک و شیرین و جوانەکانیەتی:
ئیگەسەر ؟ ها گیان..
ئەرە کوێیە ؟ ئەرە لەندەنە.. لەندەن کوێیە؟ لەندەن بڕیتانیایە
بڕیتانیا چیە ؟ بەشکە لە زەوی و دونیا
ئەویش هی خودایە ؟ بەڵی
ئەی ئەرەش خودا دەیخوەنە؟ بەڵی
ئەی بەخودا بڵی بە کوردوستان دوور دوورە؟
دەی پڵی بڵی؟ بە کوردستان لەجەگای ئەو ماڵە درواسێمان نیە؟
ئاخر من حەزدەکەم هەموو شتەخۆشەکان لەتەنیشت یەک بن..
دە دیسان پڵی بڵی؟
چی ڕ بڵم؟ بڵی با هەموو ئەوانەی خۆشمدەوێن بیانکاتە داروسەمان…
ئاخر من بە پڕێ بچوکانم ناتوانم بگەمە هەموو شونەک هەموو ڕەژە و دەترسم وون ببم ..

(نیگە سور) نازناوی منە *
*(دەیخوەنی) ێیزمانی تایبەتی خێیتی / مەبەستی لەخوێنە
*دواتر پەیامەکانی تری دادەنم

نیگار نادر / لەندەن

مەرگ … سەردار جاف

پێشکەشە بە مەرگی خۆم ……

ئەگەر هاتی
بە ئاسپایی لە دەرگاکەی دلەم بدە
چونکە منیش …
ناخی کەسم ، هەرگیز دانەخورپاندووە

فڕی سەمای ماسی ببە
شەپۆل لە نێو چاوانمەوە لرفە دەکا
چونکە ڕەحم بێنی دەریای هەڵگرتووە

****

ئەگەر هاتی
چڕۆ فرمێسك
لە کانیاوی کڵی گۆکێی دایکم بێنە
تینوێتی شەوم بشکێنە
چونکە خەوم وا ساڕکە بێداریيە و وشکبوونە
گۆزەیەك سۆزی باوکیشم
لێوەکانمی پێ تەڕتەکە
چونکە خەمم خەرمانێکی پێ باڵایە
کەس لێی ناگا
هەر هەردووکمان
چاومان پێپێ ئەشکی ڕوونە

****

ئەگەر هاتی
لە سەر ژێکانی مۆسیقا
هەنگاو بنێ
با خەیاڵم نوقمی بەستەو گۆرانی بێ
چاوەنواڕی روخسەتی بێدادیم مەکە
با ژان و ئازاری ژیان
هەر دەسڵەملی شەوانی بێ

****

ئەگەر هاتی
بە ئاونگی سپێدانی دوڵبەرەکەم
پاراوم کە
چونکە هەر ئەو پاکشۆری زەخمم دەر دەکا
لە سەر هەر گردێکی وڵات
لە نێو هەر چەمێکی ئەوێ
نغرۆی جوانی سروشتم کە
نەبا لە پێ خۆشەویستی خاك و خۆم
لە نێو گۆیشا دەرم کا

****

ئەگەر هاتی
بەر لە هاتن ، ئەو تەقینەم لە گەڵ خۆدا بۆ مەهێنە
نەبا پاساری و کەناریی
چەمە جوانەکانی ئەوێ لێم یاخی بێ
بەر لە هاتن ، کفنە سپییەکە تووڕ بدە
لە پەڕە گوڵی گزنگا
ئاڵای ئەوڵم بۆ بدووڕە
نەبا خواکەی ئەو وڵاتە بێتە دەنگ و
نزای رەقیبان ساقی بێ

****

ئەگەر هاتی
پێیان بڕێ ، گریان و شیوەن بە سەرچوو
دەنگ هەڵمەبڕن
نەبا ڕەشێڵ و مەردان و کاوێسەکەم
نەعرەتەی سڕز و ئاوازیان نەڕێنەوە
پێیان بڕێ ، ڕشپڕش مەبن
بەر لە جاویدانی هاتن
سەراپا دڵم ڕش بووە
نەبا ئاوەز و بیرم لە وەڵامی گڕێ هەڵە بکەن
ڕێی سروودی زمانی خود بەربدەن و
تەریقەتێ بڕێنەوە

****

ئەگەر هاتی
با گڕێەکەم نهێنی بێ
نە لە پارك و نە لە گرد و مەزارگەدا
نەعشم نەچێتە ژێر خاکێ
نەبا بە ڕاەوی دوژمن
ئەو دڵخۆش و ئەزیزانم ئەسرین ڕێژ بێ
جەستەم سووتماکی وڵات کەن
لە مەزاری شێمحێدینی شارەکەما
پەرش و بڵاوەی سوتووم کەن
با ئەو خاکە بەر ژیلەمێی ڕحم کەوێ و

برینی گیانم سارژ بێ

9 / 7 / 2017
ئەمانیا

بێ دەنگـــم (نـــا) بۆئـــەم یەفراندنەمە !؟ … عەبدوڵا ساڵح

دوای کۆبونەوەی بارزانی لەگەڵ بەشێك لە حیزب و لایەنەکان ڕۆژی 7 / 6 / 2017، بڕیاری دا لە 25 ئەیلولی ئەم ساڵدا یەفراندنەمێك بەرپا بکا بۆ جیا بوونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ.!
سەرەتا پێویستە بڵێم من بۆ هیچ قەیدوشەرتێك لەگەڵ جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی سیکویلاری غەیرە قەومیم وەك مافێکی بۆ ئەملاو ئەولای هەموو میللەتێك ، ئەوە مافێکی حاشا هەڵنەگرە و بە هەموو شێوەك پێویستە بەرگری لێبکرێ ، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم یەفراندنەمە بۆ هەمان ئەو مەبەستەیە کە باسم کرد ؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە باشتر وایە چەند ڕاستیەك بخەینە بەر چاو :

١- گەڵانەوە بۆ ڕای خەڵك لە پرسێکی ئاوا چارەنوسازدا کارێکی پێویستە ،بەڵام :
مەگەرهەڵبژاردنی پەرلەمان پرسێکی چارەنوساز نەبوو!؟ ، مەگەر بە فەرمانێکی بارزانی بەهەوادا نەچوو !؟ وە ئەوە دوو ساڵە هەر چوار حیزبەکەی تر دەستەو دوعا لەبەر بارەگای بارزانی دەپاڕانەوە تاکو کارای بکاتەوە ! ئەوە جیا لەوەی کاتێك ئەو پەرلەمانە کاراش بوو پرسە چارەنوسازەکان هەر لە دیوەخاندا یەکلا دەکرانەوە ! بۆیە مەسەلەی کارا کردنەوەی پەرلەمان کە هەندێك لایەن پێداگری لەسەر دەکەن ،وەك مەرجێك بۆ بەرپاکردنی یەفراندنەم، جگە لە گاڵتەجاریەك بەو لاوە ناتوانێ هیچی تر بێ ، کارا کردنەوەی پەرلەمان مانای ئەوەیە دەبێ ئەو پەرلەمانە مەرجەع بێ، واتا باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان بێ ، بەڵام لەکوردستان یاسا وەك هەموو چمکەکانی دیکە بە حیزبی کراوە، واتە دەبێ لەخزمەت دەسەڵات و پاڕەکانی دابێ

دەنا چ یاساکە خ‌ی و چ ئەو لایەنەی دەری کردوە ئاوایان بەسەردێ کە بەسەریان هات ! باس لە شەرعیەت دەکەن ، لە کاتێکدا هەموو دەزگایەك و دامەزراوەیەکی ئەم ووڵاتە مۆرکی حیزبی پ‌ۆوەیەو کون و کەلەبەرێك نەماوە بە حیزبی نەکرێ و نەخرابێتە ژێر چاوەدێری و بەرژەوەندی حیزب ، پەرلەمان زەقترین نمونەیەتی .

ێ- تێ بڕی خەڵکی کوردستان لەماوەی 26 ساڵ حاکمیەتی ئەو دەسەڵاتە ئەو ڕاستیەیان بێ ئاشکرا نەبووبێ کە وادەو بەڕێنی ئەم دەسەڵاتە وەك بڕقی سەر ئاو وایە ؟ یا وەك کارەبا 24 سەعاتەکەی ئاشتی هەورامی وایە ؟ تێ بڕی ئەو خەڵکە پ‌ۆیستیان بەوەبێ جارێکی کە بچنێ پای تاقی کردنەوەیەکی دیکەی ئەو دەسەڵاتە ، ئەویش لە پرسێکی ئاوا چارەنوسازدا ؟ دەسەڵاتێکی ئاوا فشەێ ، ئاوا گەندەێ ، ئاوا مافیایی و ئاوا بێدەربەست لە ئاقار سادەترین پێداویستی خەڵك ئەوە چ‌ێنە ئەمڕ کەوتۆتە غەمی ئەوخەڵکەو دەیەوێ ئایندەی نەوەکانی داهاتووی بێ مسۆگەر بکا ؟ لە کاتێکدا بە بەڵگە ئاشکرا بووە لەسەری، وەك د. شێرکۆ جەودەت ،کە ئەندامێکی پەرلەمانە پەکخراوەکەی کوردستانە ، لە بەرنامەیەکی ئ‌ۆن ئار تی دا ئاشکرای کرد لە 53% زەوی کوردستان کەدەکاتە 41597 کم دووجا بێ 25 ساڵ فرۆشراوە و ئەوەشی نەفرۆشراوە شارو لادێکانن و خانویان لەسەرە !

ێ- ئەگەر من کاریکاتێرستێك بام بێ ئەم ێفراندەمە وێنەی شەمەندەفەرێکم دە کێشا فارغ‌ێنی یەکەمی، واتە مەکینەکەی ، پارتیەو شۆفێریش بارزانی ، فارغ‌ێنی دوای ئەو گالیسکەیەکە ئەو ڕایەکێش ئەویش یەکیەتیە ، ئەمجا حیزبەکانی کە، وە دوا فارغ‌ێنیش ئەو چەپ و لایەنە کۆمۆنیستانەن کە دوای هەڵا کەوتون و نایانەوێ وەك چەپی حاشیەیی لەقەڵەم بدرێن ، وە یا هەندێکیان بە خەیاڵی ئەوەی کوردستان جیا بێتەوە هیچ بەهانەیەك بەدەست ناسیونالیزمی کوردو حیزبەکانیەوە نامێنێ تا شان خاڵی بکەنەوە لە ئاقار داخوازیەکانی خەڵك و ئەو کاتە کێشەی چینایەتی شەفاف تر دەبێ وئەوان دەتوانن ئ‌ۆخەیان بگرن وقۆڵی لێهەماڵن بەرەو سۆسیالیزم ! ئەم بیانوە جگە لەڕاکردن لە بەرامبەر مەسئولیەتێکی مێژوویی کە ئەوان لە ڕاستایدا بەدەسەڵاتن شتێکی دیکە نیە ! ئەو کۆمۆنیستانەی ئ‌ێستاس بەو دەسەڵاتە دەڵێن مافیایی، گوایە دوای پێکهێنانی دەوڵەتەکەیان لە مافیایی بوون دەشۆرێن ؟ کلکایەتی کردنی سیاسەتەکانی ئەو دەسەڵاتە ، وە لە پێشیانەوە پارتی ، وەك بازدانەێ لە بڕشایدا !

ێ- لەو ێفراندەمە ، ئەگەر سەربگرێ ، دەسەڵات کارتێکمان دەخاتە بەردەم دوو ئیختیاری تێدایە { بەڵێ یا نا } بێ جیابونەوە ،

پرسیارەکە ئەوەیە ئەم کارتە چ پێویست دەکا ، مەگەر کەس هەیە دژی جیابوونەوە بێ ؟ مەگەر لە ساڵی 2005 دا هەمان پرس بە شێوەیەکی نایاسایی، وەك ئەوەی ئێستا بەتەمان ڕێکی بخەن، نەخرایە دەنگدانەوە و ڕای زۆرینەی هەڵنا ، ئەی بۆ جیا نەبوونەوە ؟ بەڵام ئەوان لەم هەل و مەرجەدا هاتون ڕێگای یەکگرتن میان گرتە بەر چونکە لەو ڕێگایەوە دەتوانن بەهرەبەرداری سیاسی خۆیانی لێبکەن، قۆناغی دوای داعش و هەوڵی سونەکان بۆ پێکهێنانی ئیقلیمێکی سەربەخۆ وەك ئارایشێکی نوێ ، دەسەڵاتی کوردی ناچار دەکا ئەو کارتە بخاتە گیرفانی بۆ موساوەمەو پچڕینی نفوزی زیاتر لە بەرامبەرەکەی، دەنا کارتەکە بخەنەڕ ئەرشیفەوە بۆ ڕۆژی مەبادا!

ڕ- ئەوەی جێگای سەرنجە دەزگا ئیعلامیەکانی ئەو حیزبانە ، بەتایبەت پارتی ، دەنگیەك جادەدەن گوایە هەرکەس بەبەڵێ بەشداری نەکا ` خائینە ` لەرەدا جێگای خۆیەتی هەندێك بگەڕێنەوە بۆ مێژوویەکی نە چەندان دوور و بپرسین تەعریفی خیانەت چی یەو دەبێ بە کێ بگوترێ ` خائین ` !؟ ، ئەوە لەلایەك ، لە لایەکی دیکە ئەوە کە یەفرانداڵم دەکەن و لە کارتەکەدا دوو بژاردە دەخەنە بەر دەم خەڵك [ئا یا نا] ئیتر بۆ پێشوەخت فەرزی دەکەن بەسەر دەنگدەردا کە دەبێ حەتمەن بە دڵی ئەوە دەنگ بدا دەنا ` خائینە ` ،تکایە بیکەن بە یەك بژاردە و با هەردووك [ئا] بێت، ئەوەش وەك تازەترین مۆدێلی دیموکراتیەت بە هەموو ئەو وڵاتانەی بفرۆشنەوە کە حاکمەکانیان لە شێوەی ئەوەن !

ڕ- هەمان ئەو کارتە وەسیلەیەکە بۆ بڕدەنگ کردنی هەر ناڕەزایەتیەك کە دەمێکە پەنگی خواردۆتەوەو خڵافاندنی خەڵکە بە بابەتێك کە لەسەر دەستی ئەوان نەك جێگای هیچ ئومێدێك نیە ، بگرە دووبارە دواخستنی ویستێکی بەر حەقی ئەو خەڵکەیە بۆ جیابونەوە لە عێراق و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

ڕ- سەرانی ئەو حیزبانە ، تەئکید لەوە دەکەنەو کە ئەم یەفرانداڵمە بۆ جێبەجێ کردنی ڕاستەوخۆ نیە ، وەك لێدوانەکەی ئەم دواییەی بارزانی بۆ ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست ، بەڵام گریمان دەوڵەتیشیان دروست کرد ، کێ دەبێتە حاکمی ئەو دەوڵەتە؟ مەگەر ئەو هەزاران کێچبەرانەی ڕۆژانە بەبەردەوامی خۆیان بە ئاوەکاندا دەدەن و زوربەیان دەخنکێن، ووڵاتیان نیە !؟ ئەی بۆ لێی ڕادەکەن ؟ ئەو خەڵکە چ لە وولاتێك بکا ئایندەی خۆیی و نەوەکانی داهاتوی نەك مسۆگەر نەبێ ، بگرە بەبەردەوامی لە ژێر فشاری برسی کردن و سەرکوت و دڵە ڕاوکێ دابێ !

2017 / 7 / 8

بۆنی پوونگ … عەبدولڕەحمان فەرهادی

خۆر تاڵە تیشکێکی خۆی
بە باڵی سەمەندەرێ
بۆ تنۆکێ شەونم نارد
ئەویش خستیە گیرفانی
تاکوو دەمەو ئێوارە
زەردەپەڕ بوو بە میوان
شەوقێکی بۆ شەونم نارد
کە شەونم تاڵە تیشکی
لە گیرفانی دەرهانی
ببوو بە پەڕی تاووس
کێتر ملیان پێ ڕەنگ کرد
ئاسۆ خۆی پێ داپۆشی
سروشت کردیە مافۆرێ
پێ لە پەلکەزێڕینە.

2

شالوورێکی وڵ و سەرمەست
بە چاوی پڕ خومارەوە
هاتە نێو دڵەڕ شیعرێکم
کە دەنووکی لە پیتەکانی ناوت دا
سروشت پێ بوو
لە بۆنی پوونگی بەهاری
هەر ئەوکاتە
تەمێکی پڕ باقوبریقی
شەبەنگاوی
بەلووزەوە بۆ داباری.

3

ژانە دەچمە نێو هەڵ
بوڵبوڵێکی دەنووك مەری
وێ و تەریو
دەنووك لەنێو بێژ ئەنگوور
بزر دەکا
سەرمەستانە سەر دەردێنێ
هەز و باخ و دەشتودەریش
پێ دەکا لە
سەدا و نەوای
شەپۆلەکانی میلێدی
بە چریکەی سەرمەستانەی
دەمخاتە نێو
خەیاڵی خۆشی مەیکەدە
لە کونجێکا
بێ بادە و مەی
بە ئازارێ دەتڵێمەوە
پێ لە نیهادی تەنیایی
وەك هەمیشە بەیادی تێ
دەکەومە ناهەی جودایی.
4
نیوەڕۆیان
تیشکێ خۆر لە ڕۆچنەوە
خورجینەیێ
پێ لە نسارم بێ دەنێ
تژی لە بەفراوی وشە
شێدار بە ئاونگی شیعر و
مشت لە هەنگی
شین هەڵگەڕاوی وەنەوشە.
5
خۆر مشتێ لە
ئەلەندی دەمەو کازیوەی
ژاندە نێو گیرفانی تەم
ئەویش دایە بەر بارانی
تیشکی ئارەنگی ئەستێرە
دواتر کردیان
بە پەلکەزێینە و ناردیان
بۆ ئەو ئاسمانەی کە تۆی لێی.

سوودەکانی گەرانی بە منداڵان … ڕەزا شوان

لەگەڵ بوونی کورد دا، گەرانی کوریش هەبووە، گەرانی بووە بە بەشێک لە ژیانی کورد، بووە بە هەکارێک بۆ گوزارشتکردن لە هەست و سۆز و لە خۆشویستی و لە لە خۆشیەکانی ناخی دەروونی.. ئەمەی کورد خاوەنی گەنجینەیەکی زۆر دەوڵەمەندین لە گەرانی فۆلکلۆری هەمەبابەتی ڕەسەن، کە مەرگ و تایبەتمەندی و ڕەنگ و بۆی کوردەواریەیان پێوەیە دیارن و جیاوازیاشیان هەیە لەگەڵ گەرانیەکانی گەلانی تر.. بە سەدان بەیت و باڵادە و گەرانی فۆلکلۆری و میللی کوردیمان هەن، کە تا ئەمڕۆش چێژ و خۆشیان کاڵنەبوونەتەوە.. داگیرکەرانی کوردستانیش نەیانتوانی ژینوسایدی گەرانیە کوردیەیە ڕەسەنەکانمان بکەن، گەرچی بەشێکیان لەدزیوین و شیواندوویانن.

باسکەمان دەربارەی گەرانیە بە منداڵانە، ئەو گەرانیانەی کە گەرانبێژە گەورەکان بە منداڵانی دەیانەوێن.. یا بە دەنگی ناسکی خودی منداڵان بە تاک یا بە کەمە دەوترێن. گەرانیەکانیش بە پێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵان پۆلێن دەکرێن.. پێویستە لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆک و واتا و کێش و ئاواز و ترپەوە، لەگەڵ قۆناغەکانی توانای وەرگرتن و فێربوون و وتنەوەی منداڵاندا بگونجێن.
من لە کتێبەکەمدا (چاوپێخشانێک بە مێژووی ئەدەبی منداڵان) کە لە ساڵی (٢٠١٥) لە لایەن (کەمەڵەی ڕۆناکبیری و کەمەڵایەتی کەرکوک) وە چاپکراوە. لە بەشێکی ئەم کتێبەمدا، باسمان لە سوودەکانی (لای لایە) کردووە، کە لە لایەن دایکانەوە بە کۆرپە و ساوا جگەرگۆشەکانیان دەکرێ.
(لامارتین) دەڵێ:" جوانترین هەڕاوە لە سەرانسەری جیهاندا لای لایەی دایکانە"
لای لایە و لاواندنەوە بە منداڵانی کۆرپە و ساوا دەکرێن، کاتێک کە دایکان دەیانخەنە نەو لانک یا بەشکەوە یا جلانە، لەگەڵ ڕاژەنیندا، بە لای لایە و گەرانی گونجاو، سۆز و خۆشویستی و ئاهی ناخی دەیان بە کۆرپەکانیان دەردەبڕن.. تا خۆو بیانباتەوە.

لەم نووسینەماندا، بە کورتی باس لە سوودەکانی گەرانی بە منداڵانی باخچەی منداڵان و قەناغی قوتابخانەی بنەڕەتی دەکەین.. بە تایبەتیش قوناغی باخچەی منداڵان، کە بە قەناغی زووی منداڵیش ناودەبرێت، لە چەند باسێکی پەروەردەیی تریشدا، باسمان لە گرنگی و لە هەستیاری ئەم قەناغە لە ژیانی مرۆڤ کردووە.. یەکەمین خشتی بناغەیی کەسایەتی هەر کەسێک لەم قەناغەدا دادەنرێت، لەرووە پێشبینی ئەوەی لەدەکەین کە لە داهاتوودا دەبێتە چ کەسایەتییەک.. هەر لەم قەناغەدا چەمکە بنەڕەتییەکان لای منداڵان جێگیردەبن، کە لە ئایندەدا دەتوانن زیاتر و زیاتر پەرەیان پێبدەن.. لەم قەناغەدا زمان زۆر بە خەرایی گەشەدەکات، چونکە زمان لە پەویستی و پێداویستییەکانی پەیوەندیکردن و دەربڕین و گوزارشتکردنەوە.. پەویستە ئەم هەڵە لە بەرژەوەندی منداڵاندا بقۆزرێتەوە، تا منداڵان بتوانن رادەیەکی زۆری وشە و دەستەواژە و رستە و چەمکەکان وەربگرن و فێربن، گەنجینەی زمان و زانست و زانیاری گشتیشیان دەوڵەمەند بکەن.. هەر لەم قەناغەدا،هەش بە ئەوپەڕی خەراییەوە گەشەدەکات.. لە لەکەینەوەیەکی پراکتیکیدا، ئەوە دەرکەوتووە، کە ڕۆژی زۆری گەشەکردنی هەشی منداڵان تا تەمەنی چوار ساڵی دروست دەبێت.. ساڵانی پێش قوتابخانەش بە (تەمەنی یاری) ناسراوە، چونکە منداڵان ڕۆژانە کاتێکی زۆریان بە یاریکردن و خەشی بەسەردەبەن.. بە (تەمەنی دەزینەوە)ش ناودەبرێت، منداڵان لەم تەمەنەدا، دەیانەوێت شتی تازە و زیاتر بزانن و بدەزنەوە، لە سروشتی ژینگە و دەوروبەریان دەگەن، ڕێ و پێگەی خۆیان لە نێو خێکیدا دەزانن، تا بۆیان بکرێت دەیانەوێت زیاتر بزانن، شت تاقیبکەنەوە و، شتی تازە بدەزنەوە.

چەمکی گەرانی منداڵان:

تا ئێستا گەلێ پێناسە و ڕاڤەی جیاواز، بۆ چەمکی گەرانی منداڵان کراون، وەکو:
گەرانی منداڵان، بریتییە لەو پارچە هەنراوە سوک و ئاسانانە، لە فۆرم و ناوەڕۆک و واتادا، کە لەسەر کێشکی سووکی تایبەتی دەهەنرێنەوە، دەگونجێن کە منداڵان بە تاک یا بە کۆمەڵ بە گەرانی و ئاوازەوە بیان چڕن.
(ئەحمەد نەجیب) ش دەڵێ:"هەنراوە لە شێوەی، گەرانی، سروود، ئۆپەرێت، نمایش، شانۆشیعردا خۆی بە جیهانی منداڵان ئاشنادەکات"
لە پێناسەیەکی تردا: گەرانی منداڵان بریتییە لە جۆرێک لە جۆرەکانی ئەدەبی شیرین و بۆاو، ئاوازەکانیان منداڵان دەوروژێنن و

دەیاهێنن جێش خرێش.
خۆشەویستی و ئازووی منداڵان بۆ گۆرانی، حەزەکی سروشتییە، گۆرانی هەکارەکی ئاسانە بۆ شیرین کردنی فێربوون لە قۆناغی باخچەی منداڵاندا.. ئەوان لە بنەڕەتدا، لە ڕێی وشە و ڕستە دووبارەکردنەوە، فێری زمان دەبن.. بۆ نموونە، ئەم کۆپلەیە:
هەر دەرنایە...هەر دەرنایە
قاچمان تەزی...بووک دەرنایە
هەر دەرنایە...هەر دەرنایە
دەستمان تەزی...بووک دەرنایە
هەر دەرنایە...هەر دەرنایە
گۆرانی ئەو چالاکییەیە، کە منداڵان بۆ هەموو هەستەکیانەوە، بۆ شەوێکی نەستی تیدا نوقم دەبن.. بۆ ئازادیش گوزارشت لە هەستەکانیان دەکەن.. ئەم هەست و نەستەش ئارمیەکی قووڵی دەروونییان پێدەبەخشێت.. منداڵان حەز لە گۆرانی رتم خێرا دەکەن و، حەزیان بۆ رتمی خاو نییە.
شاعیری ناسراوی سوری (سلێمان ئەلعیسا) لە کتێبەکێیدا (دیوانی منداڵان) دەڵێ:
"لە منداڵان بگەڕێن، با سروود بچڕن، گۆرانی بڵێن، بۆ نرختەرین دیاری کە پێشکەشیان بکەن، ئەو وشە جوانانەن کە دایانخەنە سەر لێوەکانیان.. بۆ ئەوەی کە زمانەکەیان خۆشبوو.. بۆ ئەوەی کە نیشتمانەکەیان خۆشبوو.. بۆ ئەوەی کە خاکی و گوڵ و بەهار و ژیانیان خۆشبوو.. پێویستە فێری سروودی خۆشیان بکەین.. هەناوەی جوانیان بۆ بنووسین"
زۆر جاریش ئەم جووتە وشانە پێکەوە دێن و دەبنە پێویستی و بۆ تەواوکەری یەکتری: (سروود و گۆرانی، هەناوە و گۆرانی، سروود و موزیک، گۆرانی و موزیک، گۆرانی و هەڵپەڕکێ، گۆرانی و چەپڵە، هەناوە و ئاواز، گۆرانی و ئاواز).
سەرەڕای ئەوەی کە کەمەڵێک گۆرانی فۆلکلۆری ڕستەمان بۆ منداڵانی کورمان هەن، وەکو (هەیاران و مەیاران، بووکە بۆ بارانە، هەلوور بەلوور، حل حلی و بل بلی، حەلانە، هۆ ڕۆی ڕۆی، هەتارە و مەتارە.. نەورۆز وەرنە دارە، پام سێ دەستم سێ.. شەکری عەمارانم سێ، حاجی لەقلەق مار هات، چەندین گۆرانی فۆلکلۆری تریش، کە منداڵان بۆ کەمەڵە لەگەڵ یاریکردن دا، دەیان دەنەوە.
کەمەڵێک شاعیری ناسراویشمان، هەناوەی شیرین و ناسکیان بۆ منداڵان نووسیون، هەناوەکانیان لە لایەن هونەرمەندانی ئاوازدانەرەوە، کراون بۆ گۆرانی بۆ منداڵان، لەو شاعیرانەش (زۆهێر، فایق بێکەس، گۆران، عەلی عەبدوڵا شۆنم، کاکەی فەلاح،

هژار موکریانی، فەریدوون عەلی ئەمین، لەتیف هەمەت، دایکی سەلاف، کازم کەیی، عەلی حەمەشید بەرزنجی، سەلاح نیساری، رەستەم باجەلان، سەبری بەتانی، سیمین چایچی، علیەزا محەمەدیان، جگەرسەز پەندەیی، ئەمین گەردیگلانی، عوسمان هەورامی، عەبدولڕەحمان فەهیمی،... هتد)
لە راستیشدا، تا ئێستا گەرانبژێ پیاو چ ئافرەتمان نییە، کە بە تایبەتی لە بواری گەرانی منداڵاندا کاربکەن.. تەنها گەرانیبژ مامۆستا (سەلاح محەمەد کەیی) نەبێت، کە لە لای منداڵان بە (مام عەوڵا) ناسراوە.. کە نزیکەی دە کلیپی تەمارکراوی بە منداڵان هەیە لەوانەش (هەلووور بەلوور) و(دەورە) و (بووکانە) و (ئەم مشکە.. نە دەی دەخورە و نەکەشکە) و (پلیسی هاتوچۆ) کە بە زۆری لە کەناڵەکانی پلیستانک و کوردماکس پەپوولە و زارک دا نمایش دەکرێن.. هەر لەم کەناڵانەشدا، کەمێک منداڵانی چاوگەشی بەهرەمەند، چەندین گەرانی خۆشیان تەمارکردووەن.. ئەم منداڵانە و ئەو هونەرمەندە دەسەزانەش کە رایانهێناون شایانی ئافەرین و دەستخۆشین.

ناشبێ ڕەی گەورە و بەرچاوی هونەرمەند کاک (فوئاد مەولانەیی) لە یاد بکەین، کە وەرچەرخانێکی بە گەرانی کوردی منداڵان کرد، چەندین ئاوازی بە هەبەستی منداڵان دانا و ئامادەی کردن و منداڵانی بەهرەمەندی ڕاهێنان.. ئەو گەرانییانە بە دەنگی منداڵانی شاری سلێمانی بە کەناڵی کوردسات تەمارکران و نمایش دەکران.. هیوای ئەوەم دەخواست کە کاک فوئاد لەم خزمەتە پیرۆزیدا بەردەوام بوایە.. بەڵام ئەویش ئەو چالاکییانەی نەمان و.. هەکاری وازهێنانیشی لای خۆیەتی.
لە سلێمانی و لە هەولێر و دهۆک ساڵانە فێستیڤاڵی منداڵان بە گۆرانی و هەڵپەڕکێ و شانۆگەری پێشکەش دەکرێن، هیوادارم سەرپەرشتیارانی ئەم فێستیڤاڵانە زیاتر خۆیان ماندووبکەن و جوانتر ئەم فێستیڤاڵانە بە باتی گەرانی منداڵان بازنەوە و زەرتەرین منداڵان چ وەکو تاک یا کەرس بەشداریان تێدابکەن، تا چالاکییەکانی فێستیڤاڵەکانیان لە ئاستی گرنگی و پێویستییەکانی ئەم سەردەمەدابن.
سوودەکانی گەرانی بە منداڵان:
گەرانی ڕەگەکی گرنگی هەیە لە فەرکردن و لە ڕەشنبیری کردن و لە بە کەمەڵایەتی کردنی منداڵان، گەرانی هەست و ویژدان دەبزوێنە و دەدوێنە، لە سایەی گەرانیدا گەلێ سوود و ئامانجی پەروەردەیی و زمان و کەمەڵایەتی و دەروونی و جەستەیی منداڵان دێنەدی..

گرنگترین سوودەکانی گرانیش بۆ منداڵان ئەمانەن:
١ــ گرانی ئاسوودەیی دەروونی و چێژی هونەری و ئەدەبی بۆ منداڵان دەبەخشێت و، خۆشی و شادی دەخاتە دڵیانەوە.. لەسەر بۆ جوانی گۆگرتنیش رایان دەهێنێت.
٢ــ گرانی بوارێکی گرنگ و باشە بۆ ئەوەی کە منداڵانی بەهرەمەند و هونەرپەروەر ، بەهرە هونەرییە خۆپێکراوەکانیان ئاشکرابکەن و بۆ ئاوازەوە دەنگیان دەربڕن.
٣ــ سامانێکی زمانی و هەشی بۆ منداڵان دەبەخشێت، دەشتوانن باشتر گوزارشت بکەن.
٤ــ گرانی یارمەتی منداڵان دەدات، کە سەز و خۆشەویستی و هاوبەستەبوونیان بۆ گەل و نیشتمانەکەیان شیرینتربن، شانازیش بۆ فەلکەر و ئەدەبی گەلەکەیانەوە بکەن.
٥ــ گرانی کە جوولە و ترپەی تێدایە، چالاکی منداڵان چالاکتر دەکات و، لە بەزاربوون و وەرستبوون و بەمێلی دووریان دەخاتەوە.
٦ــ گرانی هەکارێکی باشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو قوتابییانەی کە شەرم دەکەن و گۆشەگیر و دوورپەرێز و نائارام و ڕاڕا و کەمدوون و کەمتەکەڵن.
٧ــ گرانی هەکارێکە بۆ بەدەستهێنانی ڕەفتاری جوان و دروست و بەهای بەرز.
٨ــ گرانی کە زانست و زانیاری لەخۆگرتوون، بۆ سەرچاوەیەک دادەنرێت کە منداڵان لەوەی فێری ئەو زانست و زانیارییانە دەبن کە لە دووتوێیاندان.
٩ــ منداڵان فێری ئەودەبن، کە بۆ تەواوە و بۆ ڕەوانی وشە و رستەکان دەربڕن.
١٠ــ لە دووتوێی هەندێ گرانیدا بۆ منداڵان، ڕێنمایی باشیان لەخۆگرتوون، وەکو:
پابەندنبوون بە ڕێنماییەکانی ترافیک، ژینگەپارێزی، ڕێزگرتن، هاوکاری کردن، هەروەزی کردن، چاکەخوازی، خوشکایەتی و برایەتی، کەشکەردن، ریزگرتن لە یاسا، ئازایی، ئازادیخوازی، دیموکراتیخوازی، دادپەروەری، یەکسانی، ئاشتیخوازی،... هتد.

ڕەزا شوان
نەرویج: (٨ی/یولی/٢٠١٧)

گەورەترین تیرۆریستی ئەرگان ... رزا شوان

رۆژی شەممە (٧/٧/٢٠١٧) لەو کۆنگرە رۆژنامەیەی کە دیکتاتۆر رگەزپەرست و لەخۆبایەکی تورکیا، لە پراوێزی کۆنگرەی لووتکەی وڵاتانی بیست لە هامبۆرگ لە ئەڵمانیا بەڕێوەچوو.. لە وەڵامی پرسیارێکی رۆژنامەنووسێکی کورد دا، دەربارەی تکۆشەر و سیاسەتمەداری گەلەکەمان، هاوسەرکی زیندانیکراوی پارتی دیموکراتی گەلان ـ هەدەپە ـ ئەردۆگانی دیکتاتۆر، تووماتی تیرۆریستی خستە پاڵ سەلاحەدین دەمیرتاش و بە تیرۆریست ناوی برد، لە وەڵامی ئەو رۆژنامە کوردەش، دەربارەی چارەنووسی سەلاحەدین دەمیرتاش، ئەردۆگان وتی:" من بەرپرس نیم لە بەردانی ئەوانەی کە لە زیندانی تایبەت بە تیرۆریستانن، ئەوەشی دەربارە بپرسەت ـ مەبەستی دەربارەی سەلاحەدین دەمیرتاش بپرسەت ـ ئەویش تیرۆریستە"
بەڵێ لە دیدی ئەردۆگانی دیکتاتۆر و رگەزپەرست و لەخۆبایی و کورسی پەرست.. هەر کەسێک چەپەڵی بە لێدات و کۆنەشی بە نەبات و بە درۆکانی نەڵێ ئەشدوبیلا. یا ئەوەی داوای ئازادی و دیموکراتی و یەکسانی و دادپەروەری و ئاشتی و ئازادی رادەربڕین و رۆژنامەوانی و ماف بکات، ئەردۆگان بە تیرۆریست و ناپاک تومبەتباری دەکات.. ئەردۆگان تووشی کوردفۆبیا بووە، تا سەر ئیسقان رقی لە کوردە و دژایەتی هەموو مافەکانی کورد دەکات.. ئەوەی بە گەبەگەی رگەزپەرست ئاتاتورک دەرهەق بە کورد تواوی نەکرد، ئەم دێوەت تاوانی زیاتر دەرهەق بە کورد بکات.. بێدەنگی کۆمەڵگای نێدەوەتیشی قەستەوە لە ئاست تاوانەکانیدا. گەلەکەمان زیاتر لە سەد ساڵە بووە بە قوربانی بڕژەوەندییەکانی وڵاتانی زل هێز، کە هەرگیز گوێ بە بەها و بە چەوسانەوەیی گەلانی نیشتمان داگیرکراو نادەن.. ئەردۆگان ئەم باردۆخەی ئێستای ناوچەکەی قەستەوە و، بە هیچ کلۆجێک دەست لە کوشت و بڕین و لە گرتنی کورد و لە وێرانکرنی کوردستان هەڵناگرێ، نێک هەر لە باکووری کوردستاندا، بەڵکو لە رۆژاوا و لە باشووری کوردستانیشدا، تا ناقۆگەی بە خوێنی خەڵکی سڤیل و بێتاوان و بێدەرەتانانی گەلەکەمان سوورە.

ئەردۆگان دەستە چۆرەکەی بە کورد دا دەسەپێنێ، بە پاشەڵی پیسییەوە، قارەمانێکی وەکو سەلاحەدین دەمیرتاش بە تیرۆریست تاوانبار دەکات، بەڵکو ئەوانەشی کە دەربارەی پرسیاری لێدەکەن، ئەوانەش بە

تیرۆریست دەزانێت.. بەڵام گەر بە وێژدان و ئازایەتیەوە قسەبکەین، گەر لە دنیادا تەنها تیرۆریستێک هەبێت ئەوە ئەردۆگانە، تاوانە قێزەونەکانی ئاشکرا و نەشاراوەکانی ئێم راستیە دەسەلمێنن.. هەموو دەوڵەتان و گەلانی جیهان باش دەزانن، کە تورکیای ئەردۆگان، زۆر بەشەرامانە و بە ئاشکرا، یارمەتی و پشتگیری لە داعشی تیرۆریستی هاوپەیمانی تورکیای دەکرد.. بە چەک، بە پارە، بە زانیاری سیخوڕی، بە دا و دەرمان، بە چارەسەرکردنی برینداری داعش، بە سیخوڕیکردن لەسەر پێشمەرگە و شۆڕشگێڕانی باکوی تورکیا دنیاترین پرد و دەروازەی سنورکیی داعش بوو بە پێنەوە بە سوریا و عێراق. هەر بە پلانەکێڕی و یارمەتیدان و چاوساغی تورکیا و رژێمە فاشستییەکەی، داعش شاری موسڵ و کەبانی و شەنگال و مەنبەج و رەقە و شارەکانی تریان گرت.. هەر کاتەکیش کە شەڕڤانان و پێشمەرگە تەنگیان بە داعش هەڵچنیبێ و شکستیان بە هێشەکانیان بە سەر کوردستان هێنابێ، تورکیا گەی دگرت و، فشاری سەربازی و ڕاگەیاندنی دەخستە سەر کوردستان.. ئێستاش، دوای چەندین داستانی قارەمانێتی و سەرکەتنەکانی شۆڕشگێڕانی کوردمان لە ڕۆژئاوای کوردستاندا لە شاری (ڕەقە)دا، دیسان ئەردۆگان ئاوسی ڕقبنووە لە کورد بووە، بە قورسترین و تازەترین تەپ و تانک فرۆکەی جەنگی، بە سوپایەکی زۆبەلاح و بە سەدان جاشی بە کرێگیراویان، تگەمارۆی شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستانیان داوە و تەپبارانی دێهات و گوندەکە کوردییەکان دەکەن و، دەیانەوێت ڕەشەکوژی کوردی ئێو شارە کوردستانییەمان بکەن و، فشار لەسەر داعش سووک بکەنەوە و شەڕڤانان لە ڕەقە پاشەکشە بکەن.. بەڵام گەر بێت و سوپای تورکیا بچێتە ناو عەفرینەوە، ئێوا عەفرین دەبێت بە گۆڕستانیان، چونکە ئیرادە گەلەکەمان زۆر لە چەکەکانی تورکیا ڕەگەزپەرست بەهێزترە.

ئەمڕۆ لە سایەی ئەردۆگانی دیکتاتەردا، تورکیا بووە بە گرتووخانەیەکی گەورە بە ئازادیخوازان و دیموکراتیخوازان، لە تورکیادا ملی ئازادی بە پەتی سیدارەدەیە و، ئەوشی بە ئەردۆگان بێت پێت خوار داناوە، ڕووبەووی چارەنووسکی نادیار دەبێتەوە.. چونکە لە فەرهەنگی ئەردۆگان و پارتە ڕەگەزپەرستەکەیدا، ئازادی، دیموکراتی، دادپەروەری، یەکسانی، ماف، مافی دەربڕین، ئاشتی، بوونیان نییە.
بەڵی ئەی تەکۆشەری ئازا و دڵێر و قارەمان و خۆاگر و کۆنەدەری گەلەکەمان کاک (سەلاحەدین دەمیرتاش) ڕاستەکەی، میژوو دەیسەلمێنێت کە کە تیرۆریستە.. گەرچی بە دیان بەگەی حاشاهەڵنەگر هەن کە لە ئەمڕۆدا تیرۆریستی ئەردۆگان دەسەلمێنن.

تەکۆشەری گەلەکەمان بۆ ئازادی و سەربەرزیتان پێ باشترە لە ملکەچی و ژیانی ژێردەستی.
سەیر لەوەدایە و مایەی پێکەنینە، کە تا ئێستا ئێردەگان، چەند جارێک وەک ئاتانی ئۆروپی بۆ ڕەگەزپەرست و دیکتاتەر ناوبرد.. بۆ ئەوەی بەنی پاشماوەی بەگانی خۆی بکات.. سەیرە پووشێک لە چاوی خۆکیدا دەبینێ، گەچی ڕاژەیەکی نەو چاوی خۆی نابینێ.. زەر جاریش بەشەرمانە باسی ئازادی و دیموکراتی و دادپەروەریش دەکات.

زەرن ئەو دیکتاتەر و ستەمکار و لەخۆبایی گەورەگەانەی کە زبەخانی میژووش لەخۆی نەگرتن.. چارەنووسی ئێردەگانیش لە هی ئەوان باشتر نابێت.. ڕاژەک دێت کە سەدام حوسێن ئاسایی، کونەمشکی لەبەبەت بە قەیسەری و، شوێن نابەت کە خۆی لەبشارەتەوە.
سەرکەوتنیش بە گەلانی تەکۆشەر و خۆاگر و کونەدەر.. سەربەرزی و شکۆداری و نەمریش شایەنی تەکۆشەرانی کۆنەدەر و خۆاگرن.

بەهەمەن قوبادی بووە ئەندامی ڕەسمی ئاکادیمیای ئۆسکار گەورەترین ڕەکخراوەی سینەمایی جیهان

مەنسوور جیهانی ـ سینەماکاری نادواری کورد "بەهەمەن قوبادی" بووە ئەندامی ڕەسمی ئاکادیمیای "ئۆسکار" گەورەترین ڕەکخراوەی سینەمایی جیهان.

ئاکادیمیای زانست و هونەرە سینەماییەکانی "ئۆسکار" کە لە ئێستادا بە گەورەترین و گرینگترین ڕەکخراوە سینەمایی جیهان دەتە ئەژمار، هەموو ساڵێک ژمارەیەک لە سینەماکارانی ناودار و ناسراوی جیهان لە بەشە جۆراوجۆرەکانی سینەمادا بانگهێشت دەکات و دەبنە ئەندامی ڕەسمی ئاکادیمیای "ئۆسکار".

ئەمساڵ سینەماکاری ناودار و بەئەزموونی کورد "بەهەمەن قوبادی" کە بە فیلمەکانی بۆتە سینەماکاری بەناوبانگی کوردی ئێرانی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لە ساڵی 2017 بە ڕەسمی لە لایەن ئاکادیمیای "ئۆسکار"ەوە بۆ بەئەندامبووم لەم ڕێکخراوە گرینگە بانگهێشت کراوە.

لە ئاکادیمیای "ئۆسکار" ئەندامیەتی تەنیا بە کەسانێک دەبەخشرێت کە لە هونەرەکانی پەیوەستیت بە سینەما دەستکەوتی بەنرخیان بەدەستهێنابێت و شایستەی ئەوەن کە لە لایەن لێژنەی هەڵبژاردنەوە پەسەند بکرێن.

پێشتریش لە مانگی ژانویەی 2017 "بەهەمەن قوبادی" بە ڕەسمی ببوە ئەندامی بنکەی سینەماکارانی ئەمریکا.

بۆچی بە نەخێر بۆ ریفراندەم حوکمی بنەماڵەیی درێژتر دەبێتەوە ؟ … عیمادعەلی

لە سیاسەتدا هەمیشە دەرئەنجام کاری خێی دەکات و ئەوەی رای گشتی و خواستی جەماوەر بەلای خێیدا رابکێشێت پایەکانی دەسەڵاتدارێتی خێی پتەو دەکات و درێژە بە بونی خێی دەدات و خەفەزکردنی چواشەکارانە و بێ بنەما چارەنوسیشکست و کەوتنە زوو بێت یان درەنگ .
یەکێتی تا ئەوکاتەی یەکێتی نۆخێیی زاڵبوو، تا ئەوکاتەی ڕوحی سەرکرادیەتی و تێگەیشتن لە واقعی کوردستان و خەفەزکردن بەسەر کێ ی خەبات و پشت بەستن بە جەماوەر خاڵی هەرە لە پیشینەی سیما و سیفەت و کردەوەکانی بوو، تا ئەو کاتەی خەڵك سیفەتەکانی میلەت و ویست و ئارەزوو و ئامانجەکانیان بە جوانی دەخوێندەوە، هێزی یەکەمی بێ ڕکابەر بوو .
پارتی لە سەرەتای شۆرشی ئەیلول و بە پشت بەستن بە جەماوەر لە سۆران و بادینان، هیچی بێ هێزی نەیار و ئۆپۆزسیۆنی نۆخێیی نەهێشتبووە و تەنها پشتو پەنای جەماوەری ئەو کات بوو کە واقعی ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەاڵیەتی ئەو قۆناغە تاوەکو نسکۆ و هەرەسە

گەورەکەهێزی پاپشتیی بوو .
گران کە لە قۆناغێکی هەستیار و تایبەتی و لە واقعێکی تا رادەیەك بەخودگراوی پێش دروتبونی ئەم رژکخراوە و لە کاتێکی چاوەروانکراوی وەرچەرخانی سیاسی و کەفوکولی جەماوەری و زربونی رژەی نارەزایی جەماوەر و گەلی کوردستان، زرینەی جەماوەری خێ مسگەر کرد و ئەگەر زر گزی و ساختە وەدەرنین لە پرسەی دیاریکردنی جەماوەریی حزبەکاندا، گران تەنانەت پلەی یەکەمی جەماوەریبونی هێزەکانی بەدەست هێنا ئەگەر بەراورد بە حزبەکانی ترەوە بکرێت لەگەڵ پارتیشدا، لەلایەنی نەبونی بەرژەوەندی تاکە کەسی مادی و مەعنەوی بۆ ئەوانەی پشتگیریان دەکرد" بە پێچەوانەی جەماوەری حزبەکانی دەسەڵات .
هەروەها حزبەکانی تر، هەریەکە و تا رادەیەك بە شێوەیەك پێناسەی خێ بە جەماوەریبونیەوە دەردەخات و، هەر یەکەو بونی خێ بە بنکە جەماوەرەکەیەوە بەستراوەتەوە و بچوکی و گەورەیی بە نزیکی و توانای خۆبەستنەوەی بە مەیلی جەماوەرەوەیە" جگە لە هێکاری تر .
ئاڵرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە سەرەرای بونی جۆرەها بەرژەوەندی و خەفەرزکردنی ساختەکارانە و گزی و فزی هەبژاردنەکان و هەوڵی هێزی دسەڵات و پارەوپوڵ و چیژی هەمەچەشن، کەچی جەماوەری راستەقینەی هەر حزبێك و نزیکبونی لە بنکەی حەماوەری فراوانەوە، لە دوو بنەمای سەرەکیەوە دەستبەر دەکرێت :
1-راستکۆیی هەر رژکخراوێك لەگەڵ بنکە و جەماوەری خێدا بە شێوەیەکی راستەوخۆ و دوور لە چژی هەمە چەشنی دەسەڵات و ئیمتیازات کە قورسە بۆ زرینەی جەماوەر فەراهەم بکرێت .
2- خواستی جەماوەری لە بوارە هەمەجۆرەکانی قۆناغەکە و چۆنێتی مەیسەر بونی لە رگەی راستودروستی بۆ غەلوغەشی دەسەڵاتدارێتی .
ئەمەش لە ئەزمونەکانی جیهاندا بی رووی دەرکەوتوو ە و خواستی گشتی جەماوەر بە هیچ تموحێکی مادی و چژی دەسەڵات و بەرژەوەندی شەخسی و حزبی ناکردرێت، بۆیە هێزی نوێی گونجاو بە نوێنەری راستو گونجاو پەیوەست دەبێت وسەردەکەوێت، ئەمەش لە سەرجەم وڵاتاندا دەبێت و نزیکترین نمونەش سەرکەوتنی ماکرۆنە بەسەر هێزەکانی تردا لە هەبژاردنەکانی فەرەنسادا ئەوەمان بە جوانی بۆ دەردەخات .
بۆیە، پارتی لەم ئامانجە سەخت و حزبیەی کە دەیەوێت بە تایبەتی لە رگەی ریفراندمەوە بۆ حزبەکە بەدەستی بێنێت، خۆ پەیوەستبونیەتی بە جەماوەری گەلی کوردستان و، هەست و سز و نیاز و ئامانجە راستەقینە و خەونەکانیان بە سەرمەشقی ئامانجەکانەوە کە سەربەخۆیی کوردستانەوە بەستۆتەوە . بەی پارتی ترسی لەهەموو شیعارێکی لەو جۆرە بوو، بەڵێ پارتی هێزکی موحافزکار و هەمیشە بینینی ستراتیجی

لە سنوور و دەرگای عیراق بەدەر نەبووە و تا شیعارەکەی لە خودموختاریەوە بۆ فیدراڵی گۆڕی قیر سپی بوو، بەڵێ پارتی بۆ ماویەهکی دوور لە جەماوەری راستەقینەی کوردستان دوور بوو و تەنها پشتی بە کلتوری سیاسی باوو و ئاستی ڕۆشنبیری زۆرینەی خەڵك لەمەر بیرکردنەوەی خۆی و دوور لە نوخبە دەبەست . بەڵام ئەمڕۆ لە بەدبەختی هەمووان وا بەم بازدانە سیاسیە حزبیە و بە بیری حزبی و ناخی بەرژەوەندی تەسکی شەخسی و حزبیەوە، دەیەوێت بەسەر سەرجەم تەگەرەی جەماوەری و سیاسی و شکستە هەمەجۆرەکانی خۆیدا باز بدات، کە مەگەر تەنها بەم ڕێگەوە بتوانێت سەربکەوێت .
ئەوەی جێگەی مشتومڕە و سەرسورمانی ئەمەوەمانانە، کە زۆرینەی نوخبەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵك دەرستر ڕیشتویی سەرجەم حزبە نەیارەکانی پارتی بەشێوەیەك مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕەفتار و ئامانجەی پارتیدا دەکەن کە بە قازانج بە پارتی و جەماوەریبونی ساختەیی و موزەیەفی ژمارەی هەوادارانی لەکوردستاندا بشکێتەوە، ئەمەش بە ڕاستەخۆ و لە ڕێگەی دژایەتیکردنی ئامانجێکی پیرۆزی جەماوەری گەلی کوردستان و کە پارتی لە پێناو مەبەستی حزبی هەڵیگرتووە و، بەم سەرکێشیەی خۆی لە سەرجەم قەیرانەکان رزگار دەکات و شسکتی چەند ساڵەی خۆی بە ڕیفرانەم و سبەەرخۆیی زارەکی دیلێت دەکات و جەماوەرێتی خۆی دووبارە بە خەونە دڕینەکانی خەکەوە دەبەستێتەوە و لەدواجاردا ئەوانەی بە ڕێگەی نابەجێ و هەڵەشەیی و شیکاری تیریانەی ڕووتوقوتی زانستیانەی سیاسی وبێ پشتب بەستن بە واقعەکەی کوردستان و بێ خوێندنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری خەڵك و چۆنێتی ڕوانینی بێ حزب و کاری سیاسیان، قسەی وا دەردەبرن و هەڵوێستی وا دەگرنەبەر کە جگە لە قازانج بە بەرژەوەندی تەسکی پارتی و بە زاڵبونی چەواشە هیچ شتێکی لێ سەوز نابێت و لەوێشدا پارتی بەم ڕەفتارانە شاگەشکەی خۆشی دەکات، لە دواجاردا پارتی بە ئەنجامدان و سەرکەوتنی ریفرندەم کە ئەگەری زۆرترە لە شکست و ئەنجامنەدانی، دووبارە خۆی فەرمات دەکاتەوە و قسەی حەق و ڕاستی زۆرینەی نوخبە دەخاتە گۆشەیەکی کەناری بیروبۆچونی جەماوەری کوردستانەوە .
بۆیە دەبێت لە مامەڵە کردن بە جەماوەرەوەچەند بنەمایەك لەبەرچاو بگیرێت:
1-هەروا بەئاسانی نەیارانی ریفرندەم لەبەر کۆمەڵك هۆکاری ڕاست و ڕەوا بە ڕەفتار و هەڵوێستی ڕووکەشانە ریفرندەم نەکەنە مۆکی پارتی و ئەو دەزولە باریکەی لە نیوان ئەم کارەو مانەوەی ئەو ئامانجە گەورەیە بە مۆکداری هەمووان بە ئاسانی نەدڕینن، کە پارتی بەو کردەوانە لە ناخی خۆیدا لە شاگەشکەی خۆیدا ببورێتەوە و بە خۆی بڕەو بەو ئیدعاتانە بدات و بە ڕووکەش نارازیبونی خۆی

دەربڕێت و خەڵك بكاتە دووبەرەوە و نەیارەكانی كەمتر بكاتەوە وبە نهێنیش باش بزانێت ئەو جارە راوبۆچونانە لە رووی جەماوەریەوە لە قازانجی خۆیدایە و بۆ ماوەیەكی دوورودرێژ تر سەرجەم خواست و دسەپێات و دەستڕێشوویی خۆی بۆ دەیان ساڵی تر بەسەر گەلی كوردستاندا فەرز بكات و خەباتی نەهێشتنی ناعەدالەتی و بنبركردنی حوكم و دەسەڵاتی بنەماڵەیی قورستر بكات .

2- هەوڵی ڕێگەی ناسكی جەماوەری بۆ تێگەیشتن لە فرتوفێڵی حزبی و تەكتیك و مانۆر بە ستراتیجی كۆی گشتی میلەت گرێ نەدەن و بواری فرێشتنی نەتەوەپەرستنی بە پارتی لە ڕێگەی هەندێك هەڵویستی كورتبینی سیاسی رووتی ڕۆژانەوە نەفرێشنەوە .

3- لەم بارەوە زۆر سەختە جەماوەر لە نیاز و كردەوەی پارتی بەناوی ئەوانهوە ڕوون بكرێتەوە كە لە كاتێكدا ئێمە خاوەن جەماوەرێكی عاتفی و زور لەبیركەری كردەوە و رەفتارە سەختەكانی تەنانەت نەیارانیشین بین نەك حزبەكانی كوردستان، ئەی چۆن شكستەكانی پارتی و دەسەڵاتمان لەبیر ناچێت .

با كارتی ریفراندۆم و سەربەخۆیی كوردستان لەدەست چەواشە و خاوەن مەبەتسی تەسك بە رەفتار و كردەوەی راست و دوور لە هەڵچون دەربڕنین و ڕێگەی رزگاری هەمیشەیی لە حوكمی بنەماڵەیی و موحافزكاری ماوەبەسەرچوو كورت كەینەوە، نەك بە خۆمان تەمەنی قۆناغی چەقبەستن لە دونیای رابردوو و دووری لهبیر و رەفتاری سەردەمیانە زیاتر كەینەوە، ئەمەش لەم كاتەدا بە هەڵوێستی راست و دروستی هەموان لەمەر ریفراندۆم دەكرێت، دەبێت نەهێلین بە ئاسانی ئەم ئامانجە گشتی وپیرۆزە بە نرخی چەواشە و ئامانجی حزبیەوە لە لایەن دەسەڵاتی شكستخواردووە بە خەڵك بفرۆشرێتەوە .

بە زۆر كورتیەكەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی، یان سەربەخۆیی بەهەر ڕێگایەكەوە بێت موڵكی شەرعی و ئامانجی پیرۆزی میلەتە و خەونی لەمیژینەی گەلی كوردستانە بە سەرچەم بیروبۆچون و فكر و عەقیدەیانەوە، با بە هەرزان رادەستی حزب و كۆمەڵێك بەرژەوەندخوازی نەكەین بە قسەو كاری تۆڕی رەق و دوور لە واقعی كوردستان كاریان مەیسەر نەكەین و سەربەخۆیی بە موڵكی گەل بمێنێتەوە وناخ و مەبەستی راستەقینەی ئەوانەی یاری پێدەكەن بۆ جەماوەر ڕوون بكەینەوە. ئەمەش ئەو هاوكێشەیەمان بۆ ڕوون دەكاتەوە كە بە نەخێر بۆ ریفرندۆم دەسەڵاتی بنەماڵەیی چەند قات درۆژتر دەكاتەوە و ئەوجا قورەكە خەستر دەبێتەوە نەك بە پیادەكردنی ریفراندۆمی بۆ ئامادەیی پێداویستیەكان و نەبونی زەمینە سازی .